
گۆڵکەند
Kurdistan Chronicle
بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات
ژمارە (١٢)
یەکشەممە ٢٠٢٥/٣/١٦

# کۆیە
# هەولێر و سلێمانی نزیکتر دەکاتەوە



دیمەنێکی کارکردن لە پرۆژەی دووسایدی هەولێر - کۆیە

وێنە: کۆمپانیای ئاوزان

# چوار ساڵە بنەتۆی هەولێر 14 لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ و ئەمساڵ دەچێندرێ

**هەژار مەجید**



لە پێشهاتێکی نوێی کەرتی کشتوکاڵیدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان جۆرە بنەتۆیێکی نایاب دەخاتە بەر دەست جووتیارانی سنووری پارێزگای هەولێر کە بۆ ماوەی چوار ساڵ لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر کراوە و تەنها لە سنووری پارێزگای هەولێر دەچێندرێت.

بەهۆی ئەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و تێکچوونی خاک و گەشەی دانیشتووان خواست لەسەر بەرهەمی خۆڕاگرتر و خۆراکی زیاتر زیاد دەکات. پێدەچێت ئەم جۆرە نوێیەی بنەتۆ سوودی گەورە بە جوتیاران و دواتریش دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بگەیەنێت. بەتایبەتی وەک بەرپرسێکی بواری توێژینەوەی کشتوکاڵی لە هەولێر ئاماژەی پێ دەکات، تایبەتمەندیی ئەو جۆرە بنەتۆیە ئەوەیە کە شێوەی هێلکەییی سپیباوە و زووتر پێ دەگات، بەرگەی ژەنگ هەڵگرتن دەگرێت، هەروەها بەهۆی کورتیی باڵاکەی و ئەستووریی قەدەکەیەوە، تەرزە و بارانی بەهار ناتوانێت بیکوتێت و زیانی پێ بگەیەنێت.

سەمەد محەمەد بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر دەڵێ ئەمساڵ بەڕێوەبەراتییەکەیان باشترین جۆری گەنمی نانی بەرهەم هێناوە کە یەکەم جارە ئەو جۆرە بنەتۆیە لە هەرێمی کوردستان دەچێنرێت.

ماوەی چوار ساڵە بەڕێوەبەرایەتییەکەی هەولێر کار لەسەر بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە بنەتۆیە دەکات، کە ناوێکی زانستیی تایبەت بەخۆی نییە، بەڵام بۆ ناسینەوەی، ناویان ناوە بنەتۆی هەولێر ١٤، ئەوان نمونەی بەرهەمی هەر چوار ساڵی رابردوویان ناردووە بۆ لێژنەی باڵای تۆمارکردن و پەسندکردنی بنەتۆ لە بەغدا و پار ڕەزامەندیی لەسەر دراوە.

بەقسەی بەرپرسە کشتوکاڵییەکە، ئەم جۆرە بنەتۆیە جگە لە هەولێر، لە هیچ پارێزگایەکی تری عێراقیش نییە، ئەمساڵ بە نرخی پاڵپشتی دەیگەیەننە دەست جووتیارانی هەولێر.

بنەتۆیە لە قۆناغی یەکەم بە چەند جووتیارێکی نموونەیی دەدرێت، ئەوانیش بۆ هەر دۆنمێک نزیکەی پەنجا کیلۆ دەچێنن، بەرهەمی هەر دۆنمێکیش زیاتر لە تۆنێک دەبێت، بۆیە هەوڵ دەدرێت لە ساڵانی داهاتوو ڕێژەی بەرهەمەکە زیاتر بکرێت.

ئەو جۆرە بنەتۆیە لە هەردوو دەزگای ئیکاردا و سمیت وەردەگیرێن، کە دوو دەزگای گرینگی جیهانن لە بواری دابەشکردنی بنەتۆ بەسەر وڵاتاندا. ●

## ڕۆژانە نزیکەی 100 پارچە دەدوورن

# لە ڕواندزەوە جلی کوردی دەنێرنە ئەورووپا

**عەبدوڵا محەمەد**



وەستا ئاسۆ لەکاتی کارکردند

دیمەنێکی ناو کارگەکە

سەرباری هاوردەکردنی سەدان جۆری جلوبەرگی خانمان بۆ هەرێمی کوردستان، هێشتا جلوبەرگی کوردی خواستی خۆی لەدەست نەداوە. گەنجێکی بەرگدوور لە شاری ڕواندز ماوەی ١١ ساڵە کارگەیەکی دامەزراندووە، ڕۆژانە دەیان جۆری جلوبەرگی کوردی تایبەت بە خانمان دروست دەکات. ئاسۆ یوسف ناسراو بە ئاسۆی خەیات (تەمەن ٣٥ ساڵ)، نزیکەی چواردە ساڵە دەستی بە دوورینی جلوبەرگ کردووە، وەک خۆی باسی دەکات پیشەکەی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە، هەر لە منداڵییەوە ڕۆژانە سەردانی دوکانەکەی باوکی کردووە و هاوکاریی بووە.

“پاش پێنج سار لە دانانی دوکانی خۆم، فکرم لەوەی کردیتەوە کارگەکی دوورینی جلوبەرگی کوردی لە ڕواندزێ دابنێم”، ئاسۆ ئەوها باسی بیرۆکەی دروستکردنی کارگەکەی بۆ (گڵکەند) دەکات. دەشڵێ ئێستا لە خوا بەزیاد بی ئیش زۆر باشە، ڕۆژانە ئافرەتان بۆ دروینی جلوبەرگی کوردی سەردانی دەکەن.

ئەو کارگەیە هەلی کاری بۆ نزیکەی ٢١ کەس ڕەخساندووە کە هەموویان ئافرەتانی سنوورەکەن و دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن، ئاسۆ دەڵێ ئامانجی سەرەکیی ئەوە بووە کە کارەکەی لە ڕواندزێ ببێتە هۆکاری کەمکردنەوەی بێ کاری.

ئەو کارگەیە کە تا ئێستا تەنها جلوبەرگی ئافرەتانی تێدا دووراوە، هەوڵ دەدرێ فراوان بکرێ، تا لە داهاتوودا جلوبەرگی کوردیی پیاوانیش بدوورن و بیخەنە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانەوە.

لەبارەی جۆری دوورینی جلوبەرگەکانیشەوە ئاسۆ دەڵێ جگە لە کراس و کەوێی کوردی، هەروەها تەنوورە، عەبای خەلیجی و جلی مۆدەش دەدوورن. بەردەوامیش خواست لەسەر جلوبەرگەکانیان لە زیادبوون دایە و هاووڵاتیانی سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان سەردانیان دەکەن.

هەروەها دەڵێ جلوبەرگی کوردی بە دەستووری باکوری کوردستانیش دەدوورن، بۆیە بەشێک لە بەرهەمەکانیان هەناردەی باکوری کوردستان دەکەن. هەروەها خەڵکی باشووری کوردستانیش ئەو جلوبەرگانە هەناردەی ئەورووپا دەکەن بۆ ئەوەی بە دیاری بیبەخشن بە هاوڕێ و کەسوکاریان لە دەرەوە، چ ئەوانەی کوردی پەنابەرن و چ ئەو بیانییانەی حەزیان لە پۆشینی جلوبەرگی کوردییە. ●

## کولتووری بەکارهێنانی کارەبا دەگۆڕێ




دیمەنی دوکانێکی فرۆشتنی کەلوپەلی کارەبایی

# لەمەودوا خەڵك بە پێوەری خەرجکردنی وزە کەلوپەلی کارەبایی دەکڕن

زیرەک تاریق

لە هەولێر بازاڕی کەلوپەلی کارەبایی گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا دێت، ئەو ئامێرانەی وزەی کارەبا کەمتر خەرج دەکەن و دۆستی ژینگەن زیاتر دێنە فرۆشتن، ئەمەش دوای نزیکەی ٣٥ ساڵ دابڕان دێت لە کارەبای بەردەوام.

هاوتەریب لەگەڵ پێشڤەچوونی کارەکانی پرۆژەی ڕووناکی و دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری، کە ئێستە گەیشتووەتە ٢١ گەڕەکی هەولێر، خەڵکی شارەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر هۆشیار دەبنەوە بۆ ئەوەی وزەی کارەبا لە خۆڕایی خەرج نەکەن، بەڵکو بەگوێرەی پێویست دەست بە بەکارهێنانیەوە بگرن، تا لە کۆتاییی مانگدا هەر هێندە کرێی کارەبا بدەن کە بەپێی پێویست خەرجیان کردووە.

زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە وەرزی زستاندا هاووڵاتیان زۆرترین وزەی کارەبای ٢٤ کاتژمێریان لە داگیرساندنی گیزەر (بۆیلەر)دا خەرج کراوە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە هێشتا زانیاری و هۆشیاریی پێویست لەبارەی دەستپێوەگرتن بەکارەبا نەبوو. فەیسەڵ غەفوور ماوەی ٢٦ ساڵە لە بازاڕێکی هەولێر گیزەر دەفرۆشێ، لەم بارەیەوە بۆ (گڵکەند) گوتی؛ ئەگەر کەسێک بیەوێ لە کۆتاییی مانگدا بڕێکی کەمی پارەی خەرجکردنی وزەی کارەبای بۆ بگەڕێتەوە، ئەوا شەو و ڕۆژ گیزەرەکەی بە داگیرساوی بەجێ ناهێڵێ، بەڵکو تەنها لە کاتی پێویستدا دایدەگیرسێنێ.

نموونەش بەماڵی خۆی دەهێنێتەوە کە خێزانەکەیان بەر لە خۆشوشتن بۆ ماوەی یەک کاتژمێر گیزەرەکەیان دادەگیرسێنن، دەڵێ ئەو کاتژمێرە بەسە بۆ ئەوەی ئاو گەرم بێت و خۆیان پێ بشۆن، دوای ئەوە گیزەرەکە دەکوژێننەوە.

هەروەها باس لە خەڵکانێک دەکات کە ڕێگەی هەڵە بۆ خۆپاراستن لە خەرجکردنی وزەی زۆری کارەبا دەگرنە بەر، بۆ نموونە هەوڵی گۆڕینی هیتەری گیزەرەکانیان دەدەن، لە ١٢ ئەمپێرییەوە دەیگۆڕن بۆ هیتەری دوو ئەمپێری، بەڵام وەک ئەو بەئەزموون بۆی دەرکەوتووە، ئەمە چارەسەر نییە، چونکە داگیرساندنی هیتەرێکی دوو ئەمپێرییش بە بەردەوامی دەبێتە هۆی خەرجکردنی بڕێکی زۆری وزەی کارەبا و مەرج نییە ئاویش بەپێی پێویست گەرم بکات، بەڵکو چارەسەر ئەوەیە گیزەر تەنها لە کاتی پێویستدا دابگیرسێت.

لەلایەکی دیکەشەوە بەپێویستی دەزانێ هاووڵاتیان کەلوپەلەکانی دیکەش لە پلاکەوە بکوژێننەوە کاتێک پێویستیان پێ نامێنێ. تەنانەت هەڵکردنی گڵۆپیش لەو ژوورانەدا کە کەسی لێ نییە بەزیادە دەزانێت.

پشتیوان غەریب خاوەنی پێشانگەیەکی فرۆشتنی کەلوپەلی کارەبایی ناوماڵە، باس لەوە دەکات کە ئێستە کڕیارەکان زیاتر پرسیاری ئەو کەلوپەلە کارەباییانە دەکەن کە کەمترین ئەمپێری کارەبایان پێویستە. دەشڵێ خەڵک لە بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە دوور دەکەوێتەوە کە وزەی کارەبا زۆر خەرج دەکەن.

لەبارەی سپلیتیشەوە دەڵێ ئێستە دوو جۆر سپلیت لە بازاڕ هەن، سپلیتی ئینڤێتەر و سپلیتی ئاسایی. ئەوەی دووەم لە کاتی کارپێکردنیدا ١٦ ئەمپێر کارەبای پێویستە و لە دۆخی ئاساییشدا ١٠ ئەمپێر، نرخی لە نێوان ٢٠٠ تا ٤٠٠ دۆلارە. هەرچی سپلیتە ئینڤێتەرەکانە لە کاتی کارپێکردنیدا شەش ئەمپێر و لە کاتی ئاساییی کارکردنیشدا دوو ئەمپێر کارەبای پێویستە. سپلیتی جۆری ئینڤێتەر نرخی لە ٤٠٠ تا ٨٠٠ دۆلاری ئەمریکی دەبێت. دەشڵێ چاوەڕوان دەکرێ لەم هاوینەدا خەڵک ڕوو لە ئینڤێتەر بکەن، چونکە لە کۆتاییدا ئەو جۆرە قازانجی زیاترە و بە درێژاییی هاوین پارەیەکی زۆر بۆ بەکارهێنەر دەگێڕێتەوە.

خاوەنی ئەو پێشانگەیە باسی گۆڕانی بازاڕی ئامێری جلشۆریش دەکات و دەڵێ خەڵک ئیتر ئەو ئامێرانە ناکڕن کە لە ناوەوە ئاو گەرم دەکەن و هیتەریان تێدایە، چونکە وزەیەکی زۆری کارەبایان دەوێ.

هەروەها عەلی نووری دوکاندارێکی تری هەولێرە و زیاتر لە ٢٠ ساڵە گڵۆپ دەفرۆشێت، بەگوتەی ئەو، بازاڕی گڵۆپیش گۆڕاوە، ئێستە خەڵک ئەو گڵۆپانە دەکڕن کە بەکەمترین وات کار دەکەن. دەشڵێ لە ڕاستیدا جۆری باشی گڵۆپ هەن کە کەمترین وات خەرج دەکەن و ڕووناکییەکی زۆریش دەبەخشنەوە.

ئەوەش باس دەکات کە خواستی زۆر لەسەر گڵۆپە هەستیارەکان هەیە و دەڵێ "لە ماری خۆمان هەموو گڵۆپەکانم کردیتە ئەو نەوعە". گڵۆپی هەستیار بەجووڵانی دەوروبەری کار دەکات، لە بێ دەنگی و بێ جووڵەییدا دەکوژێتەوە.



عەبدولباسیت فەرهادی

## ژنکوژ

کاتێ لەلای قەسران بەدیار دەکەوت کابرایەکی چوارشانەی تێک چەقیو هەردەم دیاریی بۆ کوڕەکەی و کچەکەی دەهێناوە، هەندێ زەرفی لە دەست بوو منداڵەکانی بەغاردان بەرەو پیلی دەچوون.

کوڕەکەی لەگەڵ ئێمەی منداڵ کە تەمەنمان حەفت هەشت ساڵ بوو یاریی دەکرد، لە زۆربەی منداڵانی گەڕەک بەنازتر بەخێو دەکرا، هەرچەندە باوکی حەمباڵیی دەکرد لە گومرگەکەی نزیک پردی سەیداوە، لە ژوورێکی ناو حەسارەکەی تەنیشت ماڵی ئێمە لەگەڵ هەشت خێزانی دیکە دەژیان.

تا ئەو پارشیوەی دایکم وەک ڕۆژانی دی پرێمزەکەی داگیرساند و لەبەر ڕۆناکیی چرایەکە خەریکی ناوساجی کردن بوو باوکیشم شەونوێژی دەکرد لە ناکاو بووە هاتوهاوار و گریان و زرووکەی منداڵان لە حەسارێ، ئەو کات خانووەکانی گەڕەک هەموویان واڵا بوون دوو ژوور و هەیوانی کراوە بۆیە گوێبیستی دەنگەکان دەبوون.

پاش کەمێک غەڵبەغەڵب لە کۆڵانێ پەیدا بوو زانیمان ئەو کابرا حەمباڵە بەخەنجەرە دەبانەکەی دوازدە خەنجەری لە ژنەکەی داوە و کوشتوویەتی، دواتر حەساری بەجێ هێشتووە و خۆی شاردووەتەوە، ئێمەی منداڵ گوێمان لە گەورەکانی گەڕەک دەبوو دەیانگوت کابرا دوای تاوانەکەی چوویتەوە گوندەکەی خۆیان لە سەرێ

دوای کوژرانی دایک و هەڵاتن و خۆشاردنەوەی باوکی، منداڵە نازدارەکەی گەڕەکێ کەوتە لای ماڵی مامی کە لە هەمان کۆڵان بوون. نازەکەی جاران، یاری و گەمەکانی ڕۆژانەی نەما، کەوتە بەر ڕەحم و بەزەییی مام و مامۆژن کە خۆیان هەژار و خاوەن کۆمەڵە منداڵێکی سەرکەوبنکە بوون، کۆنە جلکی ئامۆزاکانمان لەبەر کوڕەکە دەبینی، دوای ماوەیێک مامی کردییە شاگرد و لە قوتابخانە دەرهات، دواتر سێنییەکی لەسەر سەر دادەنا کێکی دەفرۆشت، بەر لە کوژرانی دایکی، پاک و خاوێنترین منداڵی گەڕەک بوو، دواتر کرایە کێکفرۆش و هەردەم سەردەستەکانی کورتەکە کۆنەکەی دژون و بەقرێژ بوو، لە کاتی چوون بۆ کێک فرۆشتن لە گەڕەکەکانی دی زۆر جار فێڵی لێ دەکرا، لێی دەدرا و کێکی لێ دەخورا، کەس نەبوو گلەیی و گازاندە و سکاڵای لا بکا، دوای چەند ساڵێک بووە برادەری کەسانی لانەواز و بێ سەرپەرشت، لە چل بایی سینەما حەمڕا دەبینرا فێری جغارە خواردن و قومار بوو، خوشکەکەشی تازە پێ ڕادەگەیشت ماڵی مامی بە شوویان دا و لە پیرەمێردێکی پارەداری ژن مردوویان مارە کرد

ئەوە یەکەم تاوان بوو بینیم، لەو ڕۆژەوە هەر پاشێوێکی ڕەمەزانان هەڵدەستم، وێنەی ئەو پیاوە ژنکوژەم لە بەرچاوە و نەفرەت لە هەموو ژنکوژێک دەکەم.

## بەردی لێیە تەمەنی 600 ملیۆنساڵە

# بەردی نەیزەك لە مۆزەخانەكەی قەڵات نمایش دەكرێ

بەردی چیای سەفین و باڵەکایەتی و دەڤەری پێنجوێن بە بەردە گرانبەهاکان هەژمار دەکرێن



چەند جۆرێکی بەرد لە مۆزەخانەی هەولێر بۆ بەرد و گەوهەر

خانوویەکی بچووکی نێو قەڵاتی هەولێری کردووە بەمۆزەخانە و چەندین جۆر بەردی گرانبەهای تێدا نمایش کردووە، حەز و خولیای بۆ بەرد و گەوهەر پاڵنەرێکی بەهێز بووە، تاوەکو لەسەر ئەرکی خۆی بەسەدان بەردی جۆراجۆر لە کون و کەلەبەرەکانی جیهان کۆ بکاتەوە.

**هەژار مەجید**

سەربەست مەجید (تەمەن ٦٣ ساڵ)، پیاوێکی ڕێکپۆش، هێمن و لەسەرخۆ، وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، نزیکەی چل ساڵە سەرقاڵی کۆکردنەوەی بەرد و گەوهەرەکانە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠١٤ لە قەزای شەقڵاوە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە بەرد و گەوهەرەکان دادەمەزرێنێت، دواتر لە ساڵی ٢٠١٦ نوێنەری ڕێکخراوی یونسکۆ و کۆمیسیۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵاتی هەولێر داوایان لێ کردووە مۆزەخانەکە بۆ نێو قەڵاتی هەولێر بگوازێتەوە.

ئەو کە دەرچووی بەشی جیۆلۆجیی زانکۆی مووسڵە و سەرۆکی ئینستیتیوتی بەرد و گەوهەرەکانە لە کوردستان، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری مۆزەخانەکەیەتی لە قەڵاتی هەولێر، بۆ (گڵکەند) باس لەوە دەکات کە مۆزەخانەکەی تاکە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، دووەم مۆزەخانەشە لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوای مۆزەخانەی تاران، کە تایبەتن بە بەرد و گەوهەر، کە بەردی هەموو جیهان لەخۆ دەگرێت، دەشڵێت، لە هەموو جیهان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆزەخانەی تایبەت بە بەرد و گەوهەرەکان ئەوەیە کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەچێت.

مۆزەخانەکە لە دوو بەش پێک هاتووە، نهۆمی یەکەمی تایبەتە بەپێشانگەی بەرد و گەوهەرەکان، کە تەنها بۆ نمایشە، نهۆمی دووەمی مۆزەخانەکەش بەشی فرۆشتنە، خاوەنەکەی دەڵێت، گەشتیاران و قوتابخانەکان و قوتابیانی ماستەر و دوکتۆرا بۆ سوود وەرگرتن بەمەبەستی توێژینەوە و تێزی نامەکانیان سەردانیان دەکەن.

لە بارەی جۆر و وڵاتە بەنێوبانگەکانی جیهان تایبەت بە بەرد و گەوهەرەکان سەربەست مەجید دەڵێت، کوارتز، عەقیق، یاقووت، سەفایر و ئەڵماس لە گرانبەهاترین بەردەکانی جیهانن، دەشڵێت، بەردی گرانبەها لە وڵاتە شاخاوییەکان هەیە، وەکو وڵاتانی بەڕازیل و ئەفغانستان و هیندستان ئەو جۆرە بەردانەیان لێ بەدی دەکرێ، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش بەردی چیای سەفین و باڵەکایەتی و دەڤەری پێنجوێن بە بەردە گرانبەهاکان هەژمار دەکرێن.

تەمەنی بەردەکانی ئەو مۆزەخانەیە لە ملیۆنان ساڵ تێپەڕ دەکەن، وەک خۆی دەڵێت، بەردی ترایلۆبات تەمەنی ٦٠٠ ملیۆن ساڵە، بەردی نەیزەک تەمەنی دوو ملیار ساڵە، ئاماژە بەچۆنیەتیی دەستکەوتنی بەردەکان دەکات و دەڵێت، بەردەکانی زیاتر بە ڕێگەی ئۆنلاینەوە کڕیوە، بەشەکەی تریشی سەردانی زۆرینەی ئەو وڵاتانەی کردووە کە خاوەن بەردی گرانبەهان، هەروەها بەشێک لە سەردانیکەرانی مۆزەخانەکەش بەردی بۆ دەهێنن.

دەشڵێت، جیا لەوەی ئەو بەردانە گرانبەهان و مێژوویەکی ملیۆن ساڵەیان هەیە، دەتوانرێت لە دروستکردنی گوارە و تەسبیح و ملوانەکە سوودیان لێ وەرگیرێت، هەروەها بۆ دروستکردنی پەیکەر دابتاشرێن. ●



ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی

## کێردی ناو جانتا ڕەشەکەی مەحموود زامدار

دیداری یەکەمی (چیرۆکی کوردی) بوو لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە هۆڵێکی (سەری ڕەش) بەڕێوە دەچوو و ماوەکەی سێ ڕۆژ بوو، زۆربەی چیرۆکنووس و شاعیر و ڕۆژنامەنووسەکانی کوردستانی عێراق بە نووسەرە کوردەکانی بەغداوە ئامادەی دیدارەکە بوون، شوێنی مانەوەی ئەو چەند شەوەش لە خانووەکانی هاوینەهەواری (مەسیف سەلاحەدین) بوو، داوەتکراوەکان دوو دوو سێ سێ بەسەر خانووەکان دابەش کرابوون، من و جەوهەر کرمانج ڕەحمەتی سەعدوڵڵا پەرۆش لە خانوویەکی سێ تەختیدا بەیەکەوە بووین، هێندەی نەبرد لە بەغداوە ڕەحمەتی مەحموود زامدار گەیشت و هاتە لای ئێمە و گوتی حەز دەکەم لەگەڵ ئێوە لە خانووەکەدا بم، جێگەی خۆمان کردەوە.

دیدارەکە سەرلەبەیانیان و پاش نیوەڕۆیانیش بوو، ئێوارە دەگەڕاینەوە خانووەکە، مەحموود زامدار شەوانە درەنگ دەگەڕایەوە، چونکە دەچووە بارەکان و پاشان دەهاتەوە، سەعدوڵڵا پەرۆش و جەوهەر کرمانج نەدەچوونە بارەکان هەر لە خانووەکە کەمێکیان دەخواردەوە، منیش لە دووریانەوە دادەنیشتم چونکە ئەهلی خواردنەوە نەبووم، شەوێکیان من هێشتا نەنووستبووم مەحموود زامدار بەخۆی و جانتا ڕەشەکەی هاتەوە و چووە سەر جێگاکەی، هیچ گفتوگۆیەکمان نەکرد، هێندەی نەبرد ڕمب ڕمب لە دەرگەی خانووەکە درا، نە جارێک و نە دووان، دەنگ و هاوارێکیش دەهات و خولە وەرە دەرەوە، وەرە دەرەوە (خولە) تۆ چۆن دەتوانی جوێن بە (بەستی خاسە) بدەیت، حورمەتی کەرکووک و بەستی خاسە دەشکێنیت، بۆم وەرە دەرەوە بزانم...، منیش هەڵسام و بەدەنگەکەوە چووم و دەرگەم کردەوە، (سەلام محەمەد)ی شاعیر و (سەلاح شوان) بوون، سەلام بوو هاواری لە (مەحموود زامدار) دەکرد، گوتم کاک (سەلام) واز لەم قسانە بێنە و بەم درەنگانی شەوە کاتی ئەم هەق و حیسابانە نییە، بۆ بەیانی هەڵیان گرە، هەر ئەوەندەم زانی (مەحموود زامدار) هاتە پشتمەوە و گوتی ئەی تۆ چۆن جوێن بە (قەڵا و منارە) دەدەیت و ئیهانەی هەولێر دەکەیت و قەڵا و منارە ناشیرین دەکەیت.

بوومە ناوبژیوان و پاڵێک بە سەلامەوە دەنێم و نایەڵم مەحموودیش بێتە پێش، بووبووە گەڕەلاوژە (سەلام) دەیگوت خولە ڕێزی بەستی خاسەت نەگرتووە، مەحموودیش دەیگوت ناوی قەڵا و منارەت زڕاندووە، یەک دەیگوت (خاسە) و ئەوی تر دەیگوت (قەڵا و منارە) هەر ئەوەندەم زانی (مەحموود زامدار) کێردێکی لەنێو جانتا ڕەشەکەی دەرهێنا و لە هەوادا دەیهێنا و دەیبرد، گوتم ئێستا خراپ دەقەومێ، خۆم توند کرد و پاڵم بە (سەلام)ـەوە نا و لە دەرگەم دوورخستەوە، بەوە باش بوو (خولە) نەهاتە پێشتر و خێرا گەڕامەوە و دەرگەکەم داخست و چوومەوە سەر تەختە خەوەکەم، بەیانی لە هۆڵەکە وەک ئەوەی نە بایان دیبی و نە باران. ●

## دەبێتە ڕێگەی سەرەکیی هەولێر - سلێمانی

# دووسایدی هەولێر - کۆیە ساڵێك بەر لە وادەی خۆی تەواو دەکرێت



لە هەنگاوێکی گەورەدا بەرەو باشترکردنی ژێرخانی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان، چەند مانگێکە دەست بەجێبەجێکردنی دووسایدی هەولێر - کۆیە کراوە، کە دەبێتە یەکێك لە پێشکەوتووترین ڕێگە خێراکانی ناوچەکە، 160 گرد و چاڵاییی سەر ڕێگەکە بە بڕین و پڕکردنەوە، لە ڕێگەی پردی گەورە و قەنتەرەوە چارەسەر دەکرێ، ڕێگەکە 10 بەرزە پرد و نزمە پرد لەخۆ دەگرێ.

لە چەند پێگەیەکی جیاواز لە پرۆژەکەدا کار دەکرێت

**ڕێبەند سەعدوڵا**

ئێستە کارکردن لە پرۆژەکەدا بەخێرایی و چڕی بەڕێوە دەچێ، بەرپرسانی جێبەجێکار پێشبینی دەکەن ساڵێک یان زووتریش بەر لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا، پرۆژەکە تەواو بێت.

دووسایدی هەولێر– کۆیە، بەپێی نوێترین و بەرزترین ستاندارده جیهانییەکان جێبەجێ دەکرێ، لە کاتێکدا لە نەخشەی سەرەکیی بەر لە ١٣ ساڵ هەر سایدێکی ڕێگەکە دوو ڕێڕەوی لەخۆ گرتبوو، بەڵام وەک ئەندازیار مالک محەمەد بەڕێوەبەری گشتیی پرۆژەکانی ڕێگەوبان لە کۆمپانیای ئاوزان ئاماژەی پێ دەکات، لە کاتی نەخشەداناندا پێشبینی نەکرابوو لە ماوەی ئەم ١٣ ساڵەدا هاتوچۆ لە کوردستان ئەو گۆڕانە خێرایەی بەسەر دێت، بۆیە ئەمساڵ لە کاتی داڕشتنەوەی پرۆژەکەدا، بە ڕەزامەندیی ڕاستەوخۆی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیران، هەر سایدێکیان کردووە بە سێ ڕێڕەو، بەم شێوەیە دووسایدەکە سێ ڕێڕەوی چوون و سێ ڕێڕەوی گەڕانەوە لەخۆ دەگرێت، ڕێڕەوی یەکەم بۆ ئۆتۆمۆبێلی بارهەڵگر و دوو ڕێڕەوەکەی تر بۆ ئۆتۆمۆبێلی ئاسایی دەبێت، ئەمەش وا دەکات ئاستی سەلامەتیی هاتوچۆ بەرزتر بێتەوە.

لە داڕشتنەوە نوێیەکەی ئەم پرۆژەیەدا، کە لەلایەن کۆمپانیای ئاوزانەوە جێبەجێ دەکرێت، گۆڕانکارییەکی گەورەی دیکە کراوە، ڕێگەکە هیچ ترافیک لایت و وەستانێکی لەسەر نەماوە، لە کاتێکدا پێشتر بەهۆی شارۆچکەکانی دەهاتنە سەر ڕێگەکە، چەند ترافیک لایتێک هەبوو، بەڵام وەک ئەندازیار مالک بۆ (گڵکەند) ی باس کرد "هەموو بەربەستەکانی بەردەم ڕێگەکەمان هەڵگرت، دووسایدەکە بەبێ پچڕان لە هەولێرەوە تا سەیتەرەی کۆیە ڕێگەیەکی خێرا دەبێت، لە بریی یوتێرن و ترافیک، بەرزە پرد و نزمە پرد دروست دەکەین".

ئاماژەش بەوە دەکات کە دووسایدەکە دەبێتە مۆدێرنترین پرۆژەی کەرتی گواستنەوە لە ناوچەکەدا، شەقامەکە ١٠ بەرزە پرد و نزمە پرد (ئۆڤەرپاس و ئەندەرپاس)ی تێدا دەبێ بۆ سووڕانەوە و لادان بۆ گوند و شارۆچکەکانی سەر ڕێگە، لەگەڵ تەواوبوونیشیدا، دەبێتە ڕێگەی سەرەکیی هەولێر– سلێمانی.

دووسایدە نوێیەکە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێگە کۆنەکەی هەولێر– کۆیەوە نییە، بەڵکو لە لەلای ڕاستی ڕێگە کۆنەکەوە بەچەند کیلۆمەترێک، لە نێوان باخچەی ئاژەڵانی هەولێر و مۆنۆمێنتی شەهیدانەوە دەست پێ دەکات. بەڕێوەبەرە گشتییەکەی ڕێگەوبان لە کۆمپانیای ئاوزان ئەوەش ئاشکرا دەکات کە دووسایدە نوێیەکە لەودیوی کەسنەزانەوە بە شێوەیەکی ئەندازەییی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش درێژ دەکرێتەوە و دابەش دەکرێ بەسەر دوو هێڵی نوێدا، یەکێکیان دەچێتە سەر هێڵە نوێیەکەی کۆیە کە دەکەوێتە بەری مۆنۆمێنتی شەهیدان و ئەوی تریش دەچێتە سەر ڕێگە نوێیەکەی گۆمەسپان

لە کاتێکدا ڕێگەی ئێستەی هەولێر– کۆیە زیاتر لە ٦٠ کیلۆمەترە، ڕێگە نوێیەکە تەنها ٤٠ کیلۆمەترە. شۆفێر دەتوانێ بەخێرایی ١٠٠ بۆ ١١٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا لێ بخوڕێت، واتە لە کەسنەزانەوە بە ماوەی ٢٢ خولەک دەگاتە کۆیە.

هەروەها بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری گرد و کەند لە ڕێگەکە، دووسایدەکە هاوتەریب لەگەڵ کەندەکان درێژ دەبێتەوە، بەڵام بۆ نەهێشتنی بەربەستی بەرزی و نزمی لە مەودای ٤٠ کیلۆمەترەکەدا، ١٦٠ قەنتەرە دروست دەکرێن، سەرباری چەندین پردی درێژ، کە یەکێک لە پردەکان درێژییەکەی دەگاتە ٢٥٠ مەتر، هەروەها هەندێک لە پردەکان بە ستوونی زۆر گەورە و بەرز هەڵدەگیرێن، لەوانەش ستوون هەیە بەرزییەکەی دەگاتە ٥٠ مەتر، کە لە هەمان کاتدا دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و ناوازە بە ناوچەکە دەبەخشێت.

ئەندازیار مالک باسی لە وادەی تەواوکردنی پرۆژەکەش کرد کە سێ ساڵ و نیوی بۆ داندراوە، بەڵام ئەوان نیاز و پلانیان وایە لە ماوەی دوو ساڵ و نیو تا سێ ساڵ تەواوی بکەن.

جێی باسە لەوەتەی دەست پێکردنی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە و دەرکەوتنی سەدان ئامێری گەورەی دروستکردنی پرۆژەکە، نرخ و بەهای زەوییەکانی سنوورەکە بەرز بووەتەوە، بەتایبەتی ئەو زەوییانەی دەکەونە نزیک دووسایدە نوێیەکە، سەرباری ئەوەی لەسەر دووسایدە نوێیەکەدا چەند شوێنێکی حەسانەوە، بازرگانی و قەپانکردنی بارهەڵگر دروست دەکرێن.

ڕێگەی یەک سایدی هەولێر – کۆیە بەدرێژاییی ساڵانی ڕابردوو، بە لۆفەی مەترسیدار و بەرزی و نزمییە زۆرەکانیەوە، هێڵی چوون و گەڕانەوەی ئۆتۆمۆبێلی بارهەڵگر و ئۆتۆمۆبێلی ئاسایی بووە، سەرەڕای قەرەباڵغیی زۆر، قیری ڕێگەکە هەڵوەشاوەتەوە و چەندین چاڵی تێ کەوتووە، ئەمانە بوونەتە هۆی بەردەوام ڕوودانی کارەساتی گەورەی هاتوچۆ.

## نابیستانی کوردستان و عێراق

# ڕۆژانی هەینی ڕوو لە هەولێر دەکەن

زیرەک تاریق

بەر لە دەستپێکی نوێژی نیوەڕۆ و وتاری هەینی، مەلای مزگەوتی ئەحمەد دەرماناوەیی لە گەڕەکی باداوە، لە گۆشەیەکی مزگەوتەکەی ژمارەیەک پیاو و گەنج دەبینیێ، باوەش بە یەکتریدا دەکەن و بە زمانی ئاماژە سڵاو لە یەکتری دەکەن و خۆشی بەڕوخساریانەوە دەبیندرێ، ژمارەیەکیان نوێژ دەکەن، ئەوانی دیکەش بەجووڵەی دەستەکانیان خەریکی گفتوگۆن و چاوەڕێن بۆ دەستپێکردنی وتاری هەینی.

لە هۆڵێکی مزگەوتەکەدا دەیان نابیست کۆ بوونەتەوە بۆ ئەنجامدانی نوێژ و ئامادەبوون لە وتاری ڕۆژی هەینی، بەدیار پیاوێک دانیشتوون کە بە زمانی ئاماژە بەجووڵەی دەستەکانی و کاردانەوەی ڕووخساری وتاری ڕۆژی هەینی بۆ نابیستەکان وەردەگێڕێت.

زمانی ئاماژە سیستەمێکی پەیوەندیکردنە کە لە ڕێگەی جووڵەی دەست، دەربڕینی ڕووخسار و جەستەوە بەکار دێت. هەر وڵاتێک و تەنانەت هەر ناوچەیەک دەکرێت زمانی ئاماژەی تایبەت بە خۆی هەبێت.

زمانی ئاماژەی ئەمریکی (ASL) نزیکەی ١٠,٠٠٠ هێمای سەرەکیی هەیە. هەروەها زمانی ئاماژەی بەریتانی (BSL) نزیکەی ٥,٠٠٠ هێمای سەرەکیی هەیە. زۆربەی زمانە ئاماژەییەکان بەردەوام گەشە دەکەن و وشەی نوێ وەردەگرن.

سەبارەت بە زمانی ئاماژەی کوردی، کە تایبەت بە کۆمەڵگەی کەڕولاڵی کوردستانە و گەشەی کردووە، ئەم زمانە کاریگەری لە زمانە ئاماژەییەکانی دەوروبەر وەرگرتووە، بەڵام تایبەتمەندیی خۆی هەیە و گونجێنراوە لەگەڵ کولتوور و زمانی کوردی.

عیزەدین حامید، تەمەن ٤٨ ساڵ، دەرچووی بەشی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەدین. مامۆستای زمانی عەرەبی و بابەتی ئاینە لە یەکێک لە قوتابخانەکانی هەولێر، زیاتر لە حەفت ساڵە وەرگێڕان بۆ نابیستان دەکات، ئێستا بە خۆبەخشی وتاری ڕۆژانی هەینی لە مزگەوت وەردەگێڕێ، لەبارەی بیرۆکەی ئەم کارەیەوە بۆ (گڵکەند) گوتی لە ماڵی خۆیان چوار کەسی نابیست هەن، دوو خوشک و برا و براژنێکی. بەردەوام داوایان لێ کردووە وەرگێڕانیان بۆ بکات، چونکە هەستیان بەدڵتەنگی دەکرد کاتێک پابەندی ئاین بوون و نەیاندەتوانی لە هیچ شتێک تێ بگەن.

ئەمە بووە هۆی ئەوەی سەرەتا بە وەرگێڕانی وتار و سیمینار بۆ نابیستەکانی ماڵی خۆیان دەست پێ بکات، دواتر هەستی بەوە کردووە ژمارەیەکی زۆر نابیست هەن کە پێویستیان بەو هاوکارییە هەیە، بۆیە بڕیاری داوە، بە زمانی ئاماژە وتاری ڕۆژانی هەینی بۆ نابیستان وەربگێڕێت.

لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت عێراقیش تەنیا لە شاری هەولێر وتاری هەینی بۆ نابیستان وەردەگێڕدرێت، بۆیە لەنێو نوێژخوێنانی نابیست لەو مزگەوتەی شاری هەولێر نابیستانی شار و ناوچەکانی تریش دەبینرێن. مامۆستا عیزەدین دەڵێت "نابیستانی شارەکانی تر کۆ دەبنەوە و بە پاس بۆ وتاری هەینی دێن بۆ ئەم مزگەوتە، تەنانەت لە شارەکانی دهۆک، سلێمانی، کەرکووک و مووسڵیشەوە دێن.


وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا
مامۆستا عیزەدین لەکاتی وەرگێڕانی وتاری نوێژی هەینی بەشێوەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر زمانی ئاماژە

مامۆستا عیزەدین جیا لەوەی بەڕاستەوخۆ وتاری هەینی بۆ نوێژخوێنانی نابیست وەردەگێڕێت، لە ڕێگەی کامێرای مۆبایلێکەوە بەڕاستەوخۆ لە تۆری کۆمەڵایەتیی فەیسبووکیشەوە وتارەکە بڵاو دەکاتەوە، بۆ ئەو نابیستانەی دوورەدەستن یاخود لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان دەژین، ئەو دەڵێت «بینەرێکی زۆرمان هەیە لە هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراقیش، کۆمێنت و نامەی دڵخۆشی و سوپاسگوزاری و بەردەوامیمان بۆ دەنووسن".

ئەمەش لە کاتێک دایە کە ئێستە لە سەنتەری شاری هەولێر لە دوو مزگەوت بە زمانی ئاماژە وتاری هەینی بۆ نابیستان وەردەگێڕدرێت، نەبەز ئیسماعیل بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێر سەبارەت بە زیادکردنی ژمارەی مزگەوتەکان بۆ نابیستان بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند، بەچاودێریی ئەوقافی هەولێر ئەم کارە دەکرێت و بەپێی داواکاری و پێویستیی نابیستان مزگەوتەکان دیاری دەکەن.

ساڵی ڕابردووش لە پرۆژەیەکی دەگمەن و ناوازەدا، مامۆستا عیزەدین بۆ یەکەمین جار لەسەر ئاستی وڵاتانی ئیسلامی قورئانێکی بەزمانی ئاماژە بۆ نابیستان ئامادە کرد، کە لە سێ بەرگ پێک هاتووە و هەر بەرگێکی ٦٠٠ لاپەڕەیە، هەزار دانەی لێ چاپ کراوە.

لە هەرێمی کوردستان سێ هەزار نابیست هەن. پێنج پەیمانگەی تایبەت بە نابیستان هەیە و ژمارەی ئەوانەی لەو پەیمانگەیانە دەخوێنن ٢٨٣ کەسن.

ڕەشاد عەلی، لە شەستەکانی تەمەنی دایە، لە گەڕەکێکی ناوەڕاستی هەولێر دەژی، لە منداڵییەوە بەردەوام نوێژی کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە گوێبیستی قسەکانی مامۆستایانی ئاینی بێت، لە وتاری ڕۆژی هەینی تێنەگەیشتووە، تەنیا سەیری کردووە، هیچ کەسێکیش نەبووە لەبارەی وتارەکە زانیاری پێ بدات. ئەو دەڵێ «بە ئاماژە دەمویست پرسیار بکەم، بەڵام کەس نەبوو وەڵامم بداتەوە، زۆرجار نوێژ و دەستنوێژەکەشمان هەڵەی تێدا بووە».

ئەو پیاوە دڵخۆشییەکی زۆر بەڕووخساریەوە دیارە، هەستێکی خۆشی هەیە چونکە ئێستە کەسێک هەیە بە زمانی ئاماژە وتارەکانیان بۆ وەردەگێڕێت، ئەوان دەتوانن بە باشی لە وتارەکان تێبگەن و شارەزاییی زۆریان لە ئاینی ئیسلام پەیدا کردووە. دەشڵێ "لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە لەگەڵ هاوڕێکانمان گفتوگۆ لەبارەی وتارەکانی ڕۆژانی هەینی دەکەین".

لەگەڵ تەواوبوونی نوێژی هەینی دڵخۆشییەکی زۆر باڵ بەسەر ئەو هۆڵەدا دەکێشێ کە نوێژخوێنانی نابیستی لێ کۆ بوونەتەوە. پەیتا پەیتا بەئاماژەی دەستەکانیانەوە بەدەم گفتوگۆی گەرمەوە، مزگەوتەکە جێ دەهێڵن و دەگەڕێنەوە ماڵەکانیان. ●

بتشکێن


گۆران سەباح

## لە باتیی حکوومەت بم

لە کابینەی دەیەم لە باتیی حکوومەت بم نیوەی فەرمانبەران فەسڵ دەکەم. هەر دائیرەیەکی حکوومەت بگری، فەرمانبەری بێ ئیش کراشەی دەکات. ئەوانە هەم جێ هەم ڕێشیان گرتییە، بووینە بارگرانی لەسەر حکوومەت. فەسڵکراو بەدەستی بەتاڵ نانێرمەوە ماڕێ، مووچەی ساڵێکی دەدەمێ.

کولتووری دەست لەکارکێشانەوە دەسەپێنم.

واتە: هەر وەزیرێک یان کاربەدەستێکی پلە باڵا فەڵتەی دا، پێی دەڵێم لۆ خۆت بە کڕی دەست لە کار بکێشەوە، ئەگەر نا فەسڵت دەکەم. ئەوها بی، جارێکی دی کەسی نەشارەزا ناوێرێت خۆی لەو پۆستانە بدات هەرچەند حیزبییەکی تۆخیش بێت. فەرمانبەرەکانی دیش ئاقر دەبن.

هەر ماڵێک، هەر دوکانێک، هەر باڵەخانەیەک پێش دەرگەی پیس بێت، غەرامەی دەکەم. بەم شێوەیە، شار خاوێن دەبێتەوە. توند دەبم، لەسەر هەمووان جێبەجێی دەکەم.

پێش ئەوەی پۆست بدەم بە هەر کەسێک، لە دەستپاکی و داوێنپاکی و ئەزموونی دەپرسم. هەر کەسێک دەستپاک و داوێنپاک بێت و ئەزموونی هەبێت لە کارەکەی، لێی بێ خەم بە. پێش ئەوەی حیزبی بێت، دەبێ کوردستانی بێت، واتە بەرژەوەندیی کوردستان بە پێش حیزبەکەی بخات.

توند دەبم لەسەر باندەیلی قاچاخ لە مەرزەکان و کوالێتی کۆنترۆڵ دادەنێم، ناهێڵم یەک مەوادی بەسەرچوو بێتە کوردستان.

ڕاوە دووکەڵی ژەهراوی دەکەم. هەموو پاڵاوگە نایاساییەکان دادەخەم، هەرچی کارگەی بە دووکەڵە دەبێ فلتەری ئەسڵیی هەبێت، هەرچی ترومبێلی دووکەڵدارە نایهێڵم. هاوردەکردنی ترومبێل سەتا نۆهەت کەم دەکەمەوە.

هاوردەی بەرهەمی کشتوکاڵی زۆر کەم دەکەمەوە، هەتا بەرهەمی خۆماڵی ببووژێتەوە و جووتیارەکان قازانج بکەن.


واز لە شەمەندەفەر دێنم جارێ، لە باتیان، سیستمی پێشکەوتووی پاس دادەنێم، هەموو شار و شارۆکە و گوندەکان بە پاس پێک دەبەستمەوە.

خەڵک بە هەڕەشە و گرتن و کوتان ئاقر نابی، بە غەرامە ئاقر دەبی. ئەوەی سەرپێچیی کرد، جا لە هەر بوارێکدا بێت، پشتی دەشکێنم بە غەرامە. لەمێژە پۆلیسی هاتوچۆ ئەوە دەکەن، توندتریش بن چێترە.

پشتی ملی زەنگینەکان دەگرم، قوتابخانە و نەخۆشخانە و جادەیان پێ دروست دەکەم، باجیان بەسەردا دەسەپێنم، ناهێڵم زۆر پشت بە هێزی کاری بیانی ببەستن.

پێش ئەوەی ئەوانەی سەرێ بکەم، کارەبا و ئاو و غاز و نەفت بەنرخێکی هەرزان دابین دەکەم بۆ هەمووان، هەتا ئەوە نەکەم کەس گوێڕایەڵم نابێت. پێش ئەوانەش، هەر کووەکی بی، کێشەی مووچە چارەسەر دەکەم. وا نەکەم، هەموو هەوڵێک بەلاشە. ●

# لە مزگەوتەکانی هەولێر بە کەباب بەربانگ دەکرێتەوە



بەربانگکردنەوە لەناو مزگەوتی حاجی بارۆ گەردی

**زیرەک تاریق**

ئەگەرچی لە مزگەوتەکانی هەولێر، پێشکێشکردنی خواردنی بەربانگ و خوانی بەخۆڕایی نەریتێکی کۆنە و مێژوویەکی دووری هەیە، بەڵام ئەوەی ئەمساڵ لە جاران جیا دەکاتەوە، هەڵکشانی ژمارەی ئەو مزگەوتانەی پایەتەختی کوردستانە کە خواردنی وەک کەباب و گۆشت بەخۆڕایی پێشکێشی میوانان دەکەن.

ئەو نەریتە میواندۆستە کۆمەڵایەتییە هەر لە کۆنەوە لەلایەن کەسانی خێرخوازی شارەکەوە پارێزراوە و بووەتە بەشێک لە ناسنامەی کولتووری و ئاینی ڕیشەداری هەولێر. تەنانەت لە مزگەوتێکی وەک شێخی چۆلی، زیاتر لە ١٠٠ ساڵە ڕۆژانە خواردنی ژەمی نیوەڕۆ بەخۆڕایی بۆ نزیکەی ٢٠٠ کەس ئامادە دەکرێت.

لە مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵیشدا زۆربەی مزگەوتەکان خوان بۆ میوان دەڕازێننەوە، کەسانی خاوەن داهاتی کەم سوودی زۆر لەم دەرفەتە دەبینن و بەربانگ لەم مزگەوتانە دەکەنەوە.

لە دەرەوەی ئەم نەریتە ئاساییەی شاریشەوە، هەندێک مزگەوت بوونەتە ڕچەشکێن و لەوەش زیاتر پێشکێشی میوانی مزگەوتەکان دەکەن، بۆ نموونە لە مزگەوتی حاجی بارۆ گەردی، کە ساڵی ٢٠١٦ لە گەڕەکی نازنازی هەولێر لە نێوان شەقامی ٤٠ مەتری و ١٠٠ مەتری دروست کراوە، ماوەی سێ ساڵە، ئێوارانی مانگی ڕەمەزان، بەر لە بانگی مەغریب، پڕ دەبێت لە خەڵک.

لە حەوشەی ئەم مزگەوتەدا، لەسەر مێزێک خورما، ئاو، نیسک و شیرینی دانراوە، لەلایەکی دیکەوە سفرەی درێژ ڕاخراوە بۆ ئەو کەسانەی لەو مزگەوتەدا بەربانگ دەکەنەوە. لەوێ خەڵکی لە تەمەن، زمان و نەتەوەی جیاواز دەبینرێن، هەموو چاوەڕێی بانگی مەغریبن تاوەکو بە خواردنی خورما و خواردنەوەی ئاو دەمی خۆیان شیرین و تەڕ بکەنەوە.

لە دوای نوێژی مەغریبیش، ئەوانەی بۆ نانخواردن لە مزگەوتەکە دەمێننەوە لەسەر سفرەی ڕاخراو دادەنیشن. خواردن بۆ زیاتر لە ١٥٠ کەس ئامادە کراوە، لە کەبابەوە بگرە تا گۆشتی مریشک و برنج و شلە، سەرباری کولێرەی گەرم و چەند جۆرێک شیرینی و شەربەت.

مەجید حاجی بارۆ گەردی، خاوەنی مزگەوتەکە بە (گڵکەند)ی گوت بەشێک لە شۆفێرانی تاکسی کە نەیانتوانیوە بۆ بەربانگ بگەڕێنەوە ماڵەکانیان، دەچنە ئەو مزگەوتە بەربانگ دەکەنەوە، سەرباری خەڵکانی خاوەن داهاتی کەم، کەسانی تریش هەن بۆ بەشداری و خۆشی بینین لەو کۆبوونەوە کۆمەڵایەتی و ئاینییە لەوێ بەربانگ دەکەنەوە و نان دەخۆن.

هەروەها لە مزگەوتی شێخی چۆلیی گەڕەکی تەعجیلیش، کە لە ساڵی ١٨٨٣ەوە لەلایەن شێخ محەمەدی چۆلی و خەلیفە و موریدەکانی لە قوڕ و کەرپووچ دروست کراوە، لە مانگی ڕەمەزاندا هەموو ئێوارەیەک زیاتر لە ١٠ ژن و پیاو بۆ نزیکەی ٢٠٠ کەس خواردن ئامادە دەکەن، کەسانی خاوەن داهاتی کەم و میوانی مزگەوتەکە لەوێ برنج و چەند جۆرێک شلە، گۆشتی مریشک و گۆشتی سوور دەخۆن، هەروەها شیرینییش پێشکێشی میوانان دەکرێ. لەوێندەر چەند خولەکێک پێش بانگی مەغریب، دەیان کەس لە پیر، گەنج و منداڵ بۆ وەرگرتنی خواردن ڕیز دەبەستن.

موعتەسەم عوزێری، نزیکەی ٤٥ ساڵە سەرپەرشتیاری مزگەوتی شێخی چۆلییە، بۆ (گڵکەند) گوتی مزگەوتەکە بۆ هەموو کەسێک کراوەیە، ئێواران خەڵکێکی زۆری لێ دەمێنێتەوە. دەشڵێ «هەندێک کەس خواردنەکەی بە متفەرک دەزانن، بۆیە لێرە نان دەخۆن، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندین".

لەسەر شەقامی ٦٠ مەتریی هەولێر، لە بەرانبەر پردی شۆڕش، مزگەوتی جەلیل خەیات هەیە کە ساڵی ٢٠٠٧ لەسەر شێوازی ئەندازیاریی عوسمانیی کۆن بنیات نراوە کە تێکەڵەیەکە لە شێوازی فاتمی، عەباسی و ئومەوی. ئەحمەد کاوێس حەسەن، پیاوێکە لە شەستەکانی تەمەنی دایە، کارگێڕی ئەو مزگەوتەیە، دەڵێ هەموو ئێوارەیەکی ڕۆژانی مانگی ڕەمەزان لەسەر وەسێتی حاجی جەلیل خەیات، خواردن بۆ ١٤٠ کەس ئامادە دەکەن، بۆ ئەوانەی لە مزگەوتەکە بەربانگ دەکەنەوە.

لەو مزگەوتە برنج و شلە، گۆشتی مریشک و گۆشتی سوور، شیرینی و شەربەت پێشکێشی میوان دەکرێ. ئەحمەد کاوێس باس لەوە دەکات کە هەندێک جار کەسانی خاوەن داهاتی کەم بە مەنجەڵەوە دەچنە مزگەوتەکە و ئەوانیش بۆیان پڕ دەکەن لە خواردن، تا بۆ ماڵ و منداڵی بباتەوە.

ئەمانەش سەرباری چەندین پڕۆژەی تری خێرخوازی لە هەولێر، کە لەلایەن دەزگای گەورەی وەک دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە بەڕێوە دەبرێ و سەبەتەی خۆراک بە کەسانی خاوەن داهاتی سنووردار دەبەخشرێ.

ئەم نەریتە پیشاندەری میراتی مێژوویی ڕیشەداری کۆمەڵگەی کوردییە کە سەرەڕای گۆڕانکارییە خێراکان، هێشتا بەردەوامە و لەناو نەچووە، بەڵکو زیاتریش گەشەی کردووە. ●

## واریقات



**عەزیزی مەلای ڕەش**

**یەکەم: نێرەی کون تێکەوتە:**

مام هێمنی شاعیری ڕەحمەتی ڕۆژێک دەچێتە ماڵی دۆستێکی و کچێکی ماڵەکە لە حەوشە (نێرە = مەشکە)ی دەژاند و پێی دەڵێت:

- نامکەیتە نێرە؟

کچەکەش یەکسەر دەڵێت:

- ناوەڵا. دوو سێ نێرەی کون تێکەوتەی وەک تۆمان وا لە ماڵ کەوتوونە.

***

**دووەم: شفتیی دێمی:**

مام ڕەحمان یەختیارێکی ئاواییی مورتکە بوو و گێڕایەوە و گوتی:

ماڵم ئەوسا لە گوندی (تاڵەبان)ی وراتی کۆیێ بوو و نەخۆشێکمان هەبوو داوای شفتیی کرد.

ئاخر و ئۆخری وەرزی پایز بوو و شفتی دەست نەدەکەوت. ناچار ڕۆژێک بەسواری گوێدرێژ بەرەو شاری هەولێرم لێ خوڕی.

لە ئاست ئاواییی مورتکە تووشی کۆنە کارێزێک بووم و دابەزیم و گوێدرێژەکەم بەستاوە و بچم لە نێو کارێزەکە دەست بەئاو بگەینم. دیتم بڕکە شفتییەک شین بووە و شفتییەکیشی گرتووە.

لە دڵەوە گوتم:

- وا دیارە خوا ئەو شفتییەی بە نسیب نەخۆشەکەی کردووە و لە بڕکەکەم کردەوە و گەڕامەوە.

***

**سێیەم: کوشتنی چی:**

لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوودا ژن و مێردێک لە گوندەکەمان لە دەرەوەی حەوشەی خۆیان بەشەڕ دێن. پیاوەکە ئافرەتەکەی لەبنە خۆی دەنێت و وازیشی لێ ناهێنێت.

خەڵکەکە زۆر پەرۆشی ژنەکەی بوون پیاوەکەی لە کۆڵی نابێتەوە.

خوالێخۆشبوو مام سمایل خەزار یەختیارێکی باش و بەدینی ئاوایی بوو و زگی بە ئافرەتەکە دەسووتێت بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات گۆپاڵێک لە پاشەڵی پیاوەکە دەدات و دەڵێت:

- کوڕە هەی ناپیاو ئەو ژنە قوڕبەسەرەت کوشت هەستە وازی لێ بێنە.

کابراش دەڵێت:

- کوڕە کوشتنی چی ئەو لەبنەوە گونمی گرتووە و هەرچەند هەوڵ دەدەم بەرم نادات قیت ببمەوە. ●

# بەدرەدین عەلی داوای دەستگیرکردنی مامۆستا ئافرەتەکانیشی دەکرد

د.سنوور سەباح


بەپێی بەڵگەنامەیەکی تایبەت کە بریتییە لە نووسراوێکی فەرمیی موتەسەڕیفییەتی هەولێر و ڕۆژی ١٩٦١/١٠/٤ دەرکراوە، بەدرەدین عەلی موتەسەڕیفی ئەوسای هەولێر داوای لە یاریدەدەرێتیی ئەمنیی هەولێر کردووە بە وردی چاودێریی جووڵە و کرداری هەندێک مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی هەولێر بکەن، گلەییشی کردووە کە مامۆستا ئافرەتەکان لەسەر کوردایەتی دەستگیر ناکرێن.


وێنەیەکی نووسراوەکە، کە هاوپێچێکی لەگەڵ دایە، بۆ هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس و مەعاریف (پەروەردە)ی لیوای هەولێر نێردراوە.


لە هاوپێچەکەدا، گلەیی ئەوە کراوە کە پیاوان بەهۆی کاری زیانبەخش بە (بەرژەوەندیی وڵات) دەستگیر کراون، بەڵام ئافرەتان دەستگیر ناکرێن.

دەشڵێ بەشێک لە قوتابخانەکانی کچان بوونەتە شوێنی ڕۆشنبیرکردنی قوتابیان و مامۆستا ئافرەتەکان بیریان لەسەر شتی دەرەوەی پرۆگرامی خوێندنە، مەبەستی نووسراوەکە تۆمەتبارکردنی مامۆستایانە بە پەروەردەکردنی قوتابیان بە بیری کوردایەتی.

جێی باسە ئەو تۆمەتبارکردنەی دامودەزگا ئیداری و ئەمنییەکانی ئەو کاتی هەولێر بۆ مامۆستا ئافرەتەکان و بەڕێوەبەرە ئافرەتەکانی قوتابخانەکانی کچان، چەند پرسیارێکی مامۆستاکان بووە لە قوتابیان، کە لەبارەی بارەگای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و سەرۆکی گرووپی قوتابخانە و سکرتێرەکەیان لە قوتابیانیان کردووە، وەکو جۆرێک لە هاندان و ناساندنی ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە قوتابییەکان و هاندانیان بۆ بیری نەتەوایەتی. ●





وزارة الداخلية
متصرفية لواء اربيل
(مديرية التحرير) السر
التاريخ ١٩٦١/١٠/٤
معاونية امن اربيل
الموضوع/ مراقبة
بدر الدين علي
متصرف لواء اربيل



هەولێر لە کۆتایی پەنجاکان

## مێژووی هونەر لە هەولێر



ئوسامە جەمیل

# تیپی هونەریی میللیی هەولێر

مێژووی شایی و هەرپەڕکێ و سەما لەناو میللەتی کورد کەونە و لۆ سەردەمانی زوو دەگەڕێتەوە، کەونترین بەڵگەی مێژوویی و شوێنەواری کە هەتا ئێستا دۆزرابیتەوە بریتییە لە دیمەنی وێنەی هەرپەڕکێی لە قوڕ هەرقەندرای لە شوێنەواری گوندی سەوان و چەرمۆی لە شارۆچکەی چەمچەماڵ و هەروەها لە گردی (حەلەف)ی لە ڕۆژئاوای کوردستانێ، کە لۆ (١٠٠٠٠) سار پێش زایینی دەگەڕێتەوە، کە وێنەی چەند کیژەکیە دەستی یێکیان گرتییە و شایی دەکەن.

کورد لە بۆنە و ئاهەنگەکان وەک دەربڕینەک لۆ خۆشی، شایی و هەرپەڕکێی کردییە، کاتەک لە ساری ١٩٧٩ تیپی هونەرە میللییەکانی عێراقێ هاتە شاری هەولێرێ و چەند تابلۆیەکی شایی و هەرپەڕکێی عەرەبی و عێراقی نمایش دەکات، ئەم نمایشە هانی کۆمەرەک هونەرمەندی هەولێرێی دا بیر لە دامەزراندنی تیپەکی بکەنەوە وەکی ئەوەی بەغدایێ، لەو هونەرمەندانە سابیر عەبدولڕەحمان، ڕزگار خۆشناو، شێرزاد سەرسپی، وریا ئەحمەد، حەمید مەرمەرچی بوون، لە ڕێککەوتی ١٩٧٩/٥/٢ ڕەزامەندیی وەرگیرا و ئەو تیپە دامەزرا، سەرەتا داوای هاوکارییان لە هونەرمەندی عێراقی سەلمان محەمەد کرد، هەتا ڕاهێنان بەو تیپەی بکا و بە شێوەکی زانستی ڕایان بینی لەسەر هونەری شایی و هەرپەڕکێ، ئەویش دەستبەکار بوو، سەرەتا کاری لەسەر جوانی و لەشولاری سەماکارەکان کرد، پاشان چەند تابلۆیەکی ئامادە کرد و دەستیان بەڕاهێنانێ کرد.

دیارترین ئەندامەکانی ئەو تیپەی: عەبدولعەزیز مەجید، سوبحی کۆیی، هیمداد لەشکری، پشتیوان لەشکری، سوهام حەسەن، سەلیم فەتاح، مەعروف موحسین، قادر کوردی، مستەفا ڕەنجەڕۆ، سەرکەوت خدر و ڕووناک محەمەد بوون، گۆرانیبێژەکانی ئەو تیپەش جەلال سەعید، نیزام شوکر، عارەب عوسمان، ساڵح سەرچناری، سابیر عەبدولڕەحمان و بورهان خۆشناو بوون.

سەلمان محەمەد سێ تابلۆی ئامادە کرد و ڕاهێنانی بە تیپەکەی کرد، تابلۆی (نەورۆز، شوان، بادینی)، ڕزگار خۆشناو، وریا ئەحمەد و جەمال جەلال، مۆسیقەیان لۆ ئەو سێ تابلۆیەی دانا، پاشان هونەرمەندی ئەرمینی ڕەشیدیان فارتیکس دێتە شاری هەولێرێ و گەشتەکی بە شار و گوندەکانی کوردستان دەکا و سێ تابلۆی دی ئامادە دەکا و کۆی تابلۆیەکان دەبیتە شەش تابلۆ: تابلۆی (دروونە، لۆرکێ، کوێستان)، ڕەشیدیان ڕاهێنان بەتیپەکەی دەکا و شێرزاد محەمەد حوسێن سەرسپی) یش مۆسیقەی ئامادە دەکا.

ئەو تابلۆیانە لە ١٩٨٠/٧/١٧ لە شاری هەولێرێ نمایش کران و دەنگدانەوەکی زۆری هەبوو، لە مانگی ئاداری ١٩٨١ ئەو تیپە بەشداریی فیستیڤاڵی بەهارێی لە شاری موسرێ کرد، بێجگە لە تیپی هونەریی هەولێرێ تیپی هونەریی بەسرە و بەغداش بەشدارییان کردبوو، بەبڕیاری وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق تیپی هەولێر پلەی یەکەمی بەدەست هینا و خەرات کرا.

پاشان ئەو تیپە گەشتەکی هونەریی لۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەرات و ڕۆژئاوا ئەنجام دا، لەوێ نمایشەکی جوانیان پێشکەش کردبوو، هەر لەبەر هەندێ یەکێتیی سۆڤیەت بانگهێشتنی کردن و چوون لە مۆسکۆی پایتەختیش دوو نمایشیان کرد، پاشان چوونە هەرێمی ئۆکرانیا و لە شاری ڕیگە (پایتەختی وراتی لاتڤیای ئێستا) تابلۆیەکی هاوبەشیان لەگەر تیپی هونەریی میللیی شارەکە ئەنجام دا، لە ساڵی ١٩٨٢ گەشتێکی دیکەیان بۆ وراتی نەمسای ئەنجام دا و لەوێ کۆمەرەک تابلۆیان پێشکەش کرد و بووە جێی سەرنجی خەرکی نەمسای، لە کاتی مانەوەیان لە نەمسای چەند ئەندامەکی ئەو تیپەی وەکی حەمید مەجید و بێجان شێرەسواری لەو تیپەی جودا دەبنەوە و داوای مافی پەنابەرێتی لە نەمسا دەکەن، ئەوە وا لە حکوومەتی عێراق دەکات گەشتی دەرێ لەسەر ئەو تیپە قەدەغە بکات.

لە ساری ١٩٨٣ تانرا ستۆدیۆیەک لۆ تیپی هونەریی میللی لەناو بارەگای تیپ دروست بکرێ، لۆ تۆمارکردنی گۆرانی و مۆسیقا، ئەو ستۆدیۆیە بەشێوەکی هونەریی سەردەمییانە دروست کرابوو، بەران بەهۆی شەڕی عێراق- ئێران و بوونە سەربازی کۆمەرەک لە کوڕانی ئەو تیپەی، تیپەکە هەتا پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە چالاکی دەوەستی. ●

# یەکەم دادوەر کە بڕیارەکانی بە زمانی کوردی نووسیەوە

عەبدولباسیت فەرهادی

ساڵی ١٩٢٥ لە گوندی شاوێس لە خێزانێکی مەڕدار لەدایک بووە، بە منداڵی ماوەییێک شوانەتیی کردووە، دواتر لەلای برا گەورەکەی شێمحەمەد کە دەکاتە باوکی د. عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیر چووەتە بەر خوێندن.

قازی ئیبراهیم عومەر میکائیل لە عەشیرەتی کەڵوڕ بووە و سەرەتای خوێندنی مەلایەتیی لای کاکی لە مزگەوتی مەلا ساڵح لەسەر قەڵاتی هەولێر و لە گەڕەکی خانەقا ژیاون، لە مزگەوتی شێخ ئەبوبەکر فەقێ بووە، ئەو کات قوتابخانەی تازە نەبوو بۆیە وەک فەقێیەکانی کوردستان زۆربەی شار و گوندەکانی کردووە بۆ وەرگرتنی زانست.

لە قۆناغێکدا بووەتە قوتابیی د. عەبدوڵڵای شێخ مستەفای نەقشبەندی، لەوێ کەسانی ڕووناکبیر و ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەی ناسیوە.

کاتێک لە ساڵی ١٩٤٥ شێخ عەبدوڵڵا و چەند فەقێیەکی زیرەک بۆ خوێندن چوونە قاهیرە و لە ئەزهەر وەرگیران، قازی ئیبراهیمیش حەزی کردووە بچێتە ئەزهەر، بۆیە بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی ڕووی لە بەغدا کردووە و چووەتە لای مامۆستا مەلا محەمەدی قزڵجی، کە ئەوساکە لە بەغدا گەورە زانا بووە و لە کاتی خۆیشیدا سکرتێری سمکۆی شکاک بوو، دوای ئەوەی سمکۆی شکاک لە کاتی شۆڕشەکەی لە ڕۆژهەڵات لە مزگەوتی حسێن پاشا بووەتە قوتابیی قزڵجی.

ئەوکات مامۆستا هەژاری شاعیر هاتبووە بەغدا لەو مزگەوتە شەوانە سەردانی قازی ئیبراهیمی دەکرد و شوکر مستەفاشی لەگەڵ خۆی دەبرد. هەر لەوێندەر بووە برادەری مامۆستا عەلائەدین سەجادی کە ئەو کات پێشنوێژی مزگەوتی نائلە خاتوون بوو لە مەیدان، قازی ئیبراهیم لە جیاتیی مامۆستا عەلائەدین پێشنوێژی دوو نوێژانی دەکرد مامۆستا سێ دیناری لە مووچەکەی خۆی دەدایێ.

قازی لە ١٩٤٨ گەیشتە قاهیرە، لە ئەزهەر عەلی عەونی لەگەڵ چەندان فەقێی دیکە لە پێشوازییان بوو، بە چوار ساڵ خوێندنی زانکۆی ئەزهەری تەواو کرد و ویستی خوێندنی باڵاش تەواو بکا، بەڵام تەواوی نەکرد و گەڕایەوە عێراق، وەک مامۆستا لە قوتابخانەی ئامادەییی کوڕانی سلێمانی دامەزرا.

لە ٢٠/٤/١٩٥٤ ئاگەداریان کردەوە کە لە خوێندنی باڵا لە میسر وەرگیراوە، بەڵام وەزارەتی مەعاریفی عێراقی ڕێیان پێ نەدا بچێتەوە قاهیرە.

لە ٢١/١١/١٩٥٢ یەکەم وانەی لە قوتابخانەی ئامادەییی کوڕانی سلێمانی گوتەوە. هەر لە سلێمانی وتاری بۆ ڕۆژنامەی ژین نووسی، بەڵام وەک خۆی دەڵێ بڵاویان نەکردەوە.


لە ١٩٥٣ بەشداریی خولێکی بەهێزکردنی زمانی عەرەبیی کرد کە بۆ مامۆستاکان بوو لە بەغدا لەوێ لەگەڵ د. مستەفا جەواد ئاشنایەتیی پەیدا کرد.

لە ١٩٥٤ گواستراوە هەولێر و بووە مامۆستای ئامادەییی هەولێری کوڕان، ئەو کات سێ وتاری بۆ ڕۆژنامەی (هەولێر) نووسی کە مامۆستا حوسێن ڕەشوانی سەرپەرشتیی بەشی عەرەبی و مامۆستا عیزەدین فەیزی سەرپەرشتیی بەشی کوردیی دەکرد.

سێ وتارەکەی بابەتی زۆر گرینگ و هەستیاری ورووژاندبوو کە یەکیان دەربارەی ئەوە بوو کە هەر نەتەوەیێک نوێژی بە زمانی خۆی بکا کە لە فیقهی حەنەفی باس کراوە. دووەمیش دەربارەی ماچکردنی دار و بەردی سەر گۆڕی پیاوچاکان و هەڵسەنگاندنی لە ڕووی شەرعەوە بوو. سێیەمیش دەربارەی تف و چڵم فڕێدانە ناو حەوزەکانی دەستنوێژ شوشتنی مزگەوتەکان بوو.

هەندێ لە نەیارەکانی ئەو نووسینانەیان بەکارهێنا بۆ دژایەتیکردنی مامۆستا ئیبراهیم و توانییان شاربەدەری بکەن و بگوازرێتەوە شاری کفری دواتر هێنایانەوە کەرکووک

دیارە گواستنەوەی بۆ کفری بۆی بەخێر کەوتەوە لەوێ قوتابییەکی خۆی کە لە خانەوادەیێکی ناسراوی مەنمی بوو



قازی ئیبراهیم عومەر

”دەبێ هەر نەتەوەییێک نوێژی بە زمانی خۆی بکا کە لە فیقهی حەنەفی باس کراوە“

بەناوی (بەدیعە ساڵح) بووە هاوسەری.

لە ساڵانی ١٩٥٦-١٩٥٩ کە لە کەرکووک مامۆستا بوو، مامۆستا گیوی موکریانی لە گۆڤاری هەتاو چەند نووسینێکی مامۆستا ئیبراهیمی بڵاو کردەوە.

لە هەرایەکەی تەبەقچەڵی لە کەرکووک بوو کە ڕۆژێکی خوێناوی و دژوار بوو، ئەو کات مامۆستا بەشەمەندەفەر دەچووە بەغدا، ئەوەی بەچاو بینیبووی وەک شایەدێک بە نووسین لە ڕۆژنامەی (سەوت ئەلئەحرار) لە ١٧/٧/١٩٥٩ بڵاوی کردەوە، مامۆستا دەڵێ دانەیێکی ڕۆژنامەکەم دەست نەکەوت چونکە ئەو ژمارەیە هەمووی فرۆشرابوو.

لە ١/٩/١٩٥٩ بووەتە باش کاتب لە دادگەی پشدەر و دواتر چووەتە دادگەی ڕانیە ئینجا دادگەی چەمچەماڵ، لە بەهاری ١٩٦٣ قایمقامی چەمچەماڵی ئەو کات ڕاپۆرتێکی دژی مامۆستا ئیبراهیم بۆ بەرپرسانی نووسیبوو، مامۆستای بە (شاعیری پارتی) تۆمەتبار کردبوو، بۆیە مامۆستا گیرا و ماڵیشی پشکنرا، ئەو کات دیارە سوپای عێراقی لە گۆپاڵە شکستێکی گەورەی کردبوو لە داخان لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ کەرکووک لە ڕێگە خانوو و دوکانی چەمچەماڵیان ئاگر تێبەر دا و خەڵکەکە ئاوارە بوون، مامۆستا ئیبراهیم و کۆمەڵێ گەنجی گیراو بە لۆری عەسکەری بەناو شاری کەرکووک بردران و منداڵ و هەرزەکارانیان لێ هان دابوون بەردبارانیان کردن لەناو لۆرییەکان، دواتر لە بن جەمەلۆنەکانی فڕۆکەخانەی سەربازیی کەرکووک لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆش و دژواردا بۆ ماوەی سێ مانگ بەند کران، دواتر گوازرانەوە بەندینخانەی سەیەب لە حیلە، لەوێ مایەوە تا ئەو کاتەی ئازاد کرا.

لە ١٩٦٤-١٩٦٧ لە دادگەی شەرعیەی چەمچەماڵ وەک باش کاتب دەستبەکار بووەوە، هەروەها لە دادگەکانی خانەقین و مەندەلیش کاری کردووە، دواتر گواستراوەتەوە باقوبە، ئەو کاتەی لە دادگەی باقوبە بووە، حەفتەی جارێک بۆ ماوەی نۆ مانگ وتاری ئاینی و کۆمەڵی لە ئێزگەی کوردی بەغدا پێشکێش دەکرد.

لە تاقیکردنەوەی بوونە قازی بەشداریی کرد و سەرکەوتوو بوو، بەفەرمانی سەرۆک کۆمار دوای سوێندخواردن لە ٢٠/١/١٩٦٨ بووە قازی سلێمانی تا ١/٨/١٩٧٨.

ئەو کاتەی قازی سلێمانی بوو وتاری لە گۆڤاری شارەوانیی سلێمانی بڵاو کردەوە، لە کۆنگرەی زانستیی پەروەردەی سلێمانی لەگەڵ ئیسماعیل شاوەیس و شاکر فەتاح و کەریم زەند ئەندام بوون.

لە ١/٨/١٩٧٨ گواستراوە بۆ دادگەی شەرعیەی هەولێر و پۆلینی دادوەری بوو بە یەک. لە ١/٨/١٩٨٥ بۆ جاری یەکەم خانەنشین کرا لە ئەنجامی چەند هەڵوێستێکی کە دیارە بەعسییەکانی نیگەران کردبوو.

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکە وەک قازیی یەکەمی دادگەی باری کەسیی هەولێر دەستبەکار بووەوە.

کە لە پەرلەمانی کوردستان یاسای بە کوردیکردنی زمانی دادگەکان دەرچوو یەکەم دادوەر قازی ئیبراهیم عومەر میکائیل بوو بڕیارەکانی دادگەی بە کوردی نووسی، ماوەی پتر لە سێ ساڵ وەک تاکە سوارێکی ئەو مەیدانە زۆر بوێرانە و کوردانە بە گوڕ و تینێکی بێ وێنە هەسپی خۆی تاو دەدا، گوێی بەو دادوەر و کەسانە نەدەدا کە دەیانگوت ناکرێ بڕیارەکانی دادگە بەکوردی بنووسرێ و دەربکرێ، ئێستەش بەفەرمی جەخت لەسەر بەکوردی نووسینی بڕیارەکانی دادگەکان دەکرێ.

لە ١/٨/١٩٩٧ بەهۆی تەمەن جارێکی دی و بۆ دواجار خانەنشین کرا.

لە ٢٧/٣/٢٠٠٦ ئەو دڵە گەورەی پڕ لە خۆشەویستی کورد و کوردستانی قازی ئیبراهیم عومەر میکائیل کەلوڕی لە لێدان کەوت.

ئەمانەی خوارەوە ناونیشانی هەندێک لە کتێبەکانین:

١. زەردەشت. چاپخانەی مەعاریف- بەغدا ١٩٦٦
٢. پیتۆلی دانانی ڕەوای ئیسلام. چ/ سۆمەر- بەغدا ١٩٨٩
٣. کورد لەناو ئاین و مێژوودا چ/ ڕاپەڕین- سلێمانی ١٩٧٢
٤. ڕاڤەی کورد تا سورەی ئیسرا چ/ زانکۆی سەلاحەدین ١٩٩١. ●



مەریوان مەسعود

# فایەق بێکەس لە هەولێر چی بینی؟

شێرکۆ بێکەس-ی شاعیر، لە نووسینێکدا بەناونیشانی (لە یادی بێکەس)ە گەورەدا، لەبارەی فایەق بێکەس-ی باوکییەوە دەنووسێت: «سروشتی ئەو ڕۆژەی تیا مردی وەک ژیانی خۆت بەژەنگ و ژار و دژوار بوو !». بەو مانایەی کە بێکەس تا مردیش هەمووی ژیانی ناخۆشی و ئازار و ناڕەحەتی بوو.

لایەنێکی گرینگی ژیانی بێکەس-ی شاعیر هەیە تا ئێستە کەس پەی پێ نەبردووە و من دەمەوێت لە ڕێگەی ئەم نووسینەوە ئاماژەی بۆ بکەم، ئەویش ئەو ماوەیە بوو کە (بێکەس) لەبەر نەداری و بێکاری و قوڕبەسەری سلێمانی جێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە شاری هەولێر.


پێش ئەوەی سەفەر بکات بۆ شاری هەولێر، لە ساڵی ١٩٢٧ لە سلێمانی بەناچاری دوکانێکی فرۆشتنی جگەرە دادەنێت و بەڵام لەو ئیشەیان سەرکەوتوو نابێت و هەر زوو وازی لێ دێنێت، ئینجا دەست دەکات بە کاری دەستگێڕی (پاکەتی جگەرە و شقارتە) دەفرۆشێت لەوەشیان هەر زەرەر دەکات!، دواتر پەنا دەباتە بەر (ئەشغال) کە ئەو کاتە وەکو فەرمانگەیەک وا بووە و تێیدا گەنجان کرێکارییان دەکرد لە ڕێگەی ئەم فەرمانگەیەوە، بۆیە ئەویش دەبێتە کرێکار، لە ڕێگەی ئەم ئیشەوە، ئەندازیارێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە دەناسێت بەناوی (قالەی ئایشەخان)، کە یەکێکە لە ئەندازیارە سەرەکییەکانی ئەشغال و سەرپەرشتیی دروستکردنی ڕێگەی هەولێر- ڕواندز دەکات لە سنووری پارێزگای هەولێر، بۆیە لە ڕێگەی ئەم ئەندازیارەوە دەچێتە هەولێر و لەوێ نیشتەجێ دەبێت.

بێکەس، کە شاعیری چەوساوەکان بووە، هەمیشە سڵی لە ڕاستگۆیی نەکردووەتەوە، بۆیە ئەو ماوەیەی لە شاری هەولێریش بووە، کە جار بەجار بەسەردان گەڕاوەتەوە سلێمانی، ڕاشکاوانە بە ڕەفیق و دۆست و خزمەکانی وتووە: ئەوەی لە هەولێر بینیومە لە ڕێز و موحیبەت و دڵسۆزی و چاکەخوازیی ئەهلەکەی لە هیچ شوێنێکی ئەم سەر زەمینە نەمدیوە!.

جگە لەمەش هەمیشە تا مردنیشی لە هەر مەجلیس و کۆڕێکدا باسی شاری هەولێر بکرایا، بێکەس بێ دوودڵی باسی چاکەخوازی و دڵپاکیی ئەهلەکەی قەڵا و منارەی کردووە.

بۆ بەڵگەی ئەوەی کە (بێکەسی) شاعیری مەزن، هەولێر لای تایبەت بووە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٨ کاتێک دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دامەزرا و من وەکو ستافی گۆڤاری (ئێستا) کە سەرنووسەرەکەی کاک دڵشاد عەبدوڵڵا بوو، چووینە پاڵ دەزگای سەردەم و بووم بە کارمەندی دەزگاکە و هەر ئەو ساڵەش مامۆستا شێرکۆ بێکەس-م لە نزیکەوە ناسی، کە ئەو کات من تەمەنم ١٩ بۆ ٢٠ ساڵ دەبوو، لە یەکێک لە پشووەکانی ساڵی ٢٠٠٠، دەزگای سەردەم بەهارە سەیرانێکی بۆ ڕێک خستین، لەو بەهارە سەیرانەدا، مامۆستا شێرکۆ بێکەس هاتە سەر باسی هەولێر و قەومەکەی، لە پڕ بانگی منی کرد و وتی: وەرە با شتێکی فایەق بێکەست بۆ بگێڕمەوە، دەزانی من تەمەنم حەوت بۆ هەشت ساڵان دەبوو، پێش ئەوەی باوکم (بێکەس) کۆچی دوایی بکات، هەمیشە ئامۆژگاریی دەکردم و دەیوت: شێرکۆ، لە کوێ تووشی قەومی خزمانی هەولێر بوویت، ڕێزیان بگرە، چونکە چاکەی ئەوان هەرگیز بەمن نادرێتەوە، چونکە بێکەس-ی باوکم هەرچەندە کەمتر لە ساڵێک لە هەولێر ژیاوە، بەڵام هەمیشە بەخێر ناوی هێناون. ●





بارزان دزەیی

مامۆستا محسن دزەیی بارزانی لە ٩٥٨/١٠/٤ دا خودا کوڕێکی داو نی بەبۆنەی گەڕانەوەی قارەمانی کوردستان ژنەرال مەلا مصطفای بارزانی ناوی ناوە بارزان تەمەندرێژو نیشتمان پەروەر بێت.

— ٢٢ —


موحسین دزەیی ساڵی ١٩٥٨ ناوی کوڕەکەی نا بارزان و لە گۆڤاری هەتاو بڵاو کرایەوە.

# بە (24) دینار قەسابخانەی هەولێر نۆژەن کرایەوە

نازم دڵبەند

یەکێکی تر لەو بەڵگەنامانەی مامۆستا محەمەد مەولوود مەم ساڵانێکی زۆر لە ژیانی فەرمانبەرێتی لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر پاراستونی، تایبەتە بە نۆژەنکردنەوەی قەسابخانەی ئەوکات.

سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر بەر لە (٧٦) ساڵ بەنووسراوی ژمارە (١٤٢٧) لە ١٨/١٠/١٩٤٩ ڕاپۆرتی ژمارە (٣٢١)ی ڕۆژی (٢٨/٨/١٩٤٩)ی بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانیی پەسەند کردووە بۆ تەرخانکردنی (٢٤) دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی قەسابخانەی هەولێر، کە ئەوێ دەمێ دەکەوتە لای بازاڕی (نیشتمان)ی ئێستە، لەم بارەیەشەوە لیژنەیەک دانراوە و داوای لێ کراوە بەزووترین کات ئەم کارە ئەنجام بدات، تەرخانکردنی ئەم بڕە پارەیەش دوای ئەوە هاتووە کە لەلایەن موتەسەڕفیەتی لیوا بەنووسراوی ژمارە (٨٥٠١)ی ڕۆژی (١٠/١٠/١٩٤٩) بڕیاری لەسەر دراوە و پەسند کراوە. ●



رئاسة بلدیه ئاربیل
تحریر
ژمارە ١٤٢٧ ٢٩
رۆژ ١٣٦٨/١٢/٢٦
١٩٤٩/١٠/١٨
ملاحظات

لە بابت: — تصديقي صرفي ٢٤ دينار بو ترميمي بناى مجزره

تقريرتان ژمارە ٣٢١ ورۆژ ١٩٤٩/٨/٢٨
بو تعميري بناى مجزره بەپێی قراری مجلسی بلدیە ژمارە ٧٤٣ ورۆژ ١٩٤٩/١٠/١٠ (٢٤) دینار تخصیصیه قاتری متصرف لواء ژمارە ٨٥٠١ ورۆژ ١٩٤٩/١٠/١٧ تصدیق فرمویانە ئەوا نسخێکی لە قراری سلیکراو بوتان نیرا لە گەل لجنە ی تایبەتی بە تعمیرێ بیویست قیام بکرێ
بیجراوی (١) قرار

رئیس بلدیە ئاربیل

صورتی لە گەل نسخە یەك لە قراری سەرەوە —
بو محاسب بلدیە
صورتی بو ملاحظە انضباط | بو بیویست.



قەسابخانەی هەولێر لە ساڵی ١٩٤٩

# شەهید شاکر فەتاح

# دوو ڕووداو و یەك هەڵوێست

**کوردستان موکریانی، هەولێر ٢٠٢٥/٣/٣**

**ڕووداوی یەکەم:**

له پایزی ساڵی ١٩٨٤ دا شەهید (شاکر فەتاح ١٩١٤ سلێمانی — ١٩٨٨ ؟)١ بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانی بەنێوی (ئاوێنەی ژینم) ڕادەستی دەزگەی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کرد لە بەخدا بۆ ئەوەی لە کۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا بڵاوبکرێتەوە. ئەمە لەوکاتەدا بوو، کە من هەوڵی ئەوەم دەدا کۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ لە کۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی بکەم بە کۆڤارێکی ئەکادیمی، بۆیە ئەم بابەتە جێگەی لە ڕۆشنبیری نوێدا نەدەبووەوە، بەڵام موسلح جەلالی — بەڕێوەبەری گشتی دەزگەی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی وای پێ باشبوو، کە بەشی دووەمیشی بۆ بڵاوبکرێتەوە، بۆیە بابەتی نێوبراو بۆ دوو هەڵسەنگێنەر نێردرا، هەردوویان چەند تێبینێکیان لەسەر ناوەڕۆکەکەی هەبوو، هەروا لەگەڵ ئەوەشدا نەبوون، کە لەم کۆڤارەدا بڵاوبکرێتەوە. وەڵامی هەردوویانم بە مامۆستا شاکر فەتاح ڕاگەیاند، جا پێم گوت: من هەوڵدەدەم وەک پاشکۆی کۆڤارەکە بۆ بەڕێزتی بڵاوبکەمەوە، بەڵام بە دوو مەرج:

یەکەم/ دەستکاری ئەم نووسینەتان بکەن، کە تێیدا سپاسی کاربەدەستانی حیزبی بەعستان کردووە، بەرامبەر بەوەی لەنێوان ڕێکەوتی (١٩٧٧/١٠/١ — ١٩٨٠/١١/١٥) دا کردوویانی بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی کوردستان و تێیدا نووسیوتە:


[لە دڵی خویشمدا بەم گۆڕانی ژیانم، زۆر سەرم بەرزبووە و کامەڕان بووم، چونکە دەرگایەکی گەورە و فراوانم لێ کرابووەوە بۆ فرمانکردن و ڕاژە پێشکەشکردن بۆ (کورد) و (کوردستان). لەبەر ئەوە سوپاسێکی گەرم و گوڕی (خودای پاکی بێهاوتا) و (کاربەدەستانی فەرمانڕەوایی) و (فەرمانداریی خۆیی کوردستان)م کرد، چونکە بێ ئەمەی خۆم داوای هیچ شتێکیان لێ بکەم، یاخود هیچ شتێکیان بۆ بکەم، کاربەدەستانی بەڕێز و بەخشندە ئەم ڕێز و خۆشەویستییەم بەرامبەر بنوێنن، بەڕاستی جێگای سەربەرزی و دڵخۆشی و سوپاسگوزاریم بوو، کە تا دەمێنم چاکەیانم لەبیرناچێتەوە].

دووەم/ ئێوە لە ساڵی ١٩٦٣ دا لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا خانەنشینکران، هەڵبەت لەبەر دڵتان زۆرگرانبوو، ئا لەوێدا باس لەوەش بکەن، کە لەبەر هەستی کوردایەتی و لایەنگریتان بۆ شۆڕشی کورد لە تەویلەیەکی شاری سلێمانی بۆ ماوەیەک زیندانی کران! هەروەک چەندجارێک ئەوەتان لای گیو موکریانی باوکم درکاندبوو. دواتر پێم گوت ئێوە لە ئاوێنەی ژیندا، مێژوویەکی پڕ لە سەروەریتان خستۆتەڕوو، هیچ پێویست بە سپاس، ستایشکردن، بە شان و باڵی دەسەڵاتداراندا هەڵگوتن ناکات و... بەڕێز شاکر فەتاح هەردوو مەرجەکەی منی نەپەژراند.

**ڕووداوی دووەم:**

لە ڕێکەوتی ١٢ و ١٩٨٨/٣/١٣ دا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان، یەکەمین دیداری فیکری لە هەولێر سازکرد. عەبدولکەریم عەبدولسادەی ڕاگری کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین، من و د. جەمال ڕەشیدی داوەتکرد. جەمال بە منی گوت: من نامەوێت لەمجۆرە کۆڕانە ئامادەبم. منیش لە وەڵامدا گوتم: من دەمەوێت ئامادە بم، چونکە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو لە کوردستان دوورخرابووینەوە٢، نازانین لەم کۆڕ و کۆبوونەوانەدا کێ بەشداری دەکات و چ دەگوترێت؟ ناچار جەمالیش ئامادەبوو.

شەهید شاکر فەتاح لە دانیشتنی دوای نیوەڕۆی یەکەم ڕۆژدا بابەتەکەی خۆی پێشکێشکرد٣، لەدوای ستایش وپێداهەڵگوتن، ڕووی لە کاربەدەستانی ئامادەبوو کرد و گوتی: چۆن ئێوە ئامادەن لەگەڵ ئێراندا گفتوگۆبکەن و ڕێکبکەون، ئاواش دەتوانن دەست لەنێو دەستی پێشمەرگە بنێن، ئەوان کوڕی ئەم میللەتەن. شاکر فەتاح چاوەڕێینەدەکرد، بەمجۆرە پەلاماربدرێت.




شاکر فەتاح

بۆ ڕۆژی دواتر مامۆستا شاکر فەتاح بە د. جەمال و د. بەدرخان سندی و منی گوت دوێنێ دوای کۆبوونەوەکە داوایان لێکردم، کە ئەمڕۆ لە هەمان شوێندا دانیشم و بڵێم من لەم قسانەی خۆم پەشیمانم.من ئەلەوکاتەدا هەڵوێستی ساڵێ ١٩٨٤ یم هاتەوە یاد و گوتم: ئەوەندەی من شارەزای ئێوەبم، ئامادە نین داواکارییەکەیان بەجێبهێنێت، د. بەدرخان سندی گوتی: دەڵێن سواربوون ئەیبێک، دابەزین دوو ئەیب. شاکر فەتاح گوتی: دڵنیابن، کاری وا ناکەم هیچ و نایڵێم و هیچ نانووسم. جەمال گوتی: مامۆستا گیان زۆر دەترسم لەڕێگەی گەڕانەوەتدا لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی دەستگیرت بکەن، جا وا باشە، با بۆ ماوەیەک بتشارینەوە. بەڕێز شاکر فەتاح گوتی: خۆ من قسەیەکی خراپم نەکردووە، ڕێنوێنیم کردوون. جەمال گوتی: ئەوانە خۆیان بە زانای زانیان و .. دەزانن و ڕکیان لە کوردە و... و ئەوەش بزانن لەم دیدارەدا هێندێک ڕاپۆرتنووس هەن، بۆ بەرزکردنەوەی پلە و پایان و چەورترکردنی پارووی چەوریان بەڕێزت دەکەن بە پێزترین بابەتی ڕاپۆرتەکانیان.

لە سەئات دەی شەوی ١٩٨٨/٣/١٨دا شەهید شاکر فەتاح لە ماڵی خۆی لە سلێمانی دەستگیرکرا، بێسەر و شوێنکرا و لەنێوبردرا، هەتا ئێستەش گۆڕی ئەم پیاوە جوامێر و مەردە ونە.

***

١. شاکر فەتاح، کەسایەتێکی هەڵکەوتووی ڕووناکبیر و کوردپەروەر بوو. لە سلێمانی و زۆربەی شارۆچکەکانی کوردستاندا، وەک: هەڵەبجە، چەمچەماڵ، خورماڵ، شێخان، دهۆک، ئاکرێ، شەقڵاوە و.. کراوە بە قایمقام، تا بۆی لواوە ئاوەدانیکردوونەتەوە. شاکر فەتاح لەڕێگەی بەرهەمی بیریشدا هەوڵی پێشخستن و هۆشیارکردنەوەی کوردی داوە، چەند ڕۆژنامەیەکی




بەرگی بڵاوکراوەی ئاوێنەی ژینم لە نووسینی شاکر فەتاح


دەرهێناوە، وەک: خورماڵ، باسەڕە، چەمچەماڵ و ئاکرێ هەروا خاوەنی پڕۆژەی خوێندەواری کورد بووە و لەم بوارەدا دەیان نامیلکەی پێشکێش بە کتێبخانەی کوردی کردووە. بۆ زانیاری زێتر بڕوانە: (ئاوێنەی ژینم؛ سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح — بەرگی ١ ، ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٣ ).

٢. لە پایزی ساڵی ١٩٨٢ دا من و د. جەمال و ٣٧ مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە کوردستان دوورخراینەوە.

٣. جگە لە شاکر فەتاح ئەم بەڕێزانەش بابەتیان لە دیداری نێوبراودا پێشکێشکرد: د. خوسرەو جاف، عەبدوڵڵا عەباس، عەبدولوهاب تاڵەبانی، شەفیق جاف، حوسێن ڕەشوانی، تێلی ئەمین، ساجد ئاوارە، عەبدولسەتار تاهر شەریف و موحسن بەرزنجی.

بۆ زانیاری زێتر لەبارەی ئەو کەسانەی سەرۆک و بڕیاردەری دانیشتنەکان و ئەوانەی گفتوگۆیان لەگەڵ پێشکێشکاران کرد و ئەوەی خۆی بە قوربانی سەدام حوسێن دەکرد و...، بڕوانە: (کۆڤاری کاروان، ژمارە ٦٣ی ئازار و نیسانی ١٩٨٨ لاپەڕە ٤ — ٨). ئەوەی شایەنی باسە لەنێو ئەم بابەتەی کۆڤاری کارواندا نێوی شاکر فەتاح نەهێندراوە! ●

## 300 لۆهەولێر



شێرزاد هەینی

# بەهنام ئەبو ئەلسوف

زانای کەڤناسی عێراقی ‹‹بەهنام ئەبو ئەلسوف›› لە بنەماڵەیەکی کریستیانی مووسڵاوی، لە گەڕەکێک بەناوی قەڵات، لە شاری مووسڵ لەدایک بووە، لەوێش خوێندنی تەواو کردووە، کە زانکۆش لە مووسڵ نەبووە، بۆ خوێندن چووەتە بەغدا، لەوێ مێژوو و شوێنەواری دەخوێنێت، لە زانکۆی کمبریدج لە ساڵی ١٩٥٥ لە بواری مێژوو، شوێنەواری، ناوکی شارستانیەت دوکتۆرا وەردەگرێت. لە باکور و ناوەڕاستی عێراق خەمخۆرانە کار لەسەر ڕزگارکردنی شوێنەوارەکان دەکات، ئەوانەی بەردەوام مەترسییان لەسەر بووە.

ئەو لەو بوارەدا، لە پشکنینی گرد، بناغە، لادیوار، کەندەڵان، پارچە تەندوور، وردەواڵەی ناوماڵ، گەنجینەی هەڵگرتنی دانەوێڵە و زەخیرە ئیش دەکات. بەشێوازێکی نوێ لە کایە و کاڵا کۆنەکان دەگەڕێت، ئینجا بەرەو ئەو ناوچانە دەچێت، کە بەنداوەکان ناوچەیەک بن ئاو دەکات، لە ناوچەی حەمرین و لەسەر ڕووبای دیجلە و ئاسکی مووسڵ لە شێستەکاندا زۆر شوێنەواری لەو ناوچانە دۆزیوەتەوە.

لەو ڕۆژانەی جێبەجێکردن و چۆڵکردنی گوندەکانی ناو سنووری دەریاچەکەی دوکانیش کاری کردووە، لەبەرئەوەی لەسەر قەڵاتێک لەدایک بووە، بۆیە ئەو لەسەر بەرزاییەکان وەک هەڵۆ، بەڵام هەڵۆیەکی جەستە گەورە و سەرزل لە گردە گەورەکان ئیشی کردووە، دەگاتە گردەکەی قاڵینج ئاغای شاری هەولێر، پشکنینی کردووە، پیاوە سەرسپییەکە لە خەمی شوێنەوارەکان هەر بەگەنجی سەری سپی بووە.

ڕۆژێکیان پڕۆفیسۆر بەهنام ئەبو ئەلسوف بەرپرسی باڵای پشکنین و مۆزەی باکوری عێراق، لە دانیشتنێکی ڕەسمی، لەسەر ئەو قەڵاتە، لەو ئۆفیسەی کاریان لە نۆژەنکردنەوەی دەکرد، وەک نوێنەری شارەوانی لە سەرەتای هەشتاکاندا پێی گوتم: خەمی گەنجینەکانی بن قەڵاتی هەولێرمە. لە ڕووبەرێکی بەقاڵدرمەکاندا بچمە ناو پشت، ڕەگ، هزر، مێشکی ئەو بەدەنە کۆنە، لەو قەدەدا چەندان شار، ئاوەدانی دەدۆزمەوە، لەو کاروانەدا هەموو شتێک دەزانم، بەو داخەوە نامرم. دەزانم بەو کارە، بەو کنە کەڤناسییەدا قژە سپییەکەی سەرم ڕەش دەبێتەوە، گەنج دەبمەوە. نووسینە وردە پروشاوەکانی سەر تەختە قوڕینەکانم بۆ دەخوێندرێتەوە، کلیلەکان دەکەمەوە.

لەو چینانەدا، لە لاپەڕەکانی مێژوودا کە لەناو خۆڵ، گۆزە، تەندوور، شوورە، ملوانکە، تۆوی ڕووەکەکان و گوڵەکانی ژیان دەدۆزمەوە! بەس بوارم بدەن لەناو ڕووبەری سەد مەتری قەڵاتی هەولێر بچمە خوارەوە، دەزانم چ دەدۆزمەوە، زۆر شت لە مێژوو دەگۆڕم! ●

# بەزمی دزینی پرتەقاڵەکانی ماڵی دکتۆر مەردان



وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

## سەباح عەبدولڕەحمان

## یادگەی خۆم وەک خۆی

> من ئەگەرچی سۆزی دایکایەتیم نەبینیوە، بەڵام خوشکەکانم قەرەبووی زۆریان بۆ کردمەوە لە نازهەڵگرتنم، باوکیشم هەرچەندە توندوتیژ بوو، بەڵام وانەی یەکجار بەنرخ و پڕ بایەخی پێ بەخشیوم، کە لە بیریان ناکەم. وەک ئەوەی پێشبینیی زەمەنی ئەمڕۆی کردبێ لۆ من، بەردەوام هۆشداریی دەدامێ لە پەیوەندیی برادەرایەتی، کە زۆرێکم لەو هۆشدارییانە بەپراکتیک تاقی کردنەوە.

لە قۆناغی پەڕینەوەم لە پۆلی پێنج بۆ شەش گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر ژیانمدا هات. خوشکەکانم یەک لە دوای یەک بەخت و نسیبیان هەڵدەستا و دەچوونە ژیانی هاوسەرگیری. یەکێکیشیان لە پەیمانگەی مامۆستایان لە بەغدا خەریکی خوێندن بوو هەتا دەهات بێدەنگی پانتاییی نێوماڵی دادەگرت. ڕۆژانی هەینی بێزاری تەنگی پێ هەڵدەچنیم بەتایبەتیش لە تەمەنێک بووم نزیک لە باڵەفڕەی هەرزەکاری. بۆیە ئەو کاتانەی کە لە گەمەی کۆڵانە تەنگەبەرەکەی خۆمان بێتاقەت دەبووم غارم دەدا سەربانەکەی خۆمان کە لایەکی دەیڕوانییە سەر حەوشە و سێ لاشی بەشوورەی نزم و شپڕێو لەگەڵ دراوسێکان کرابوونە ناوبڕ.

لە هەموو وەرزەکانیش ئەو کاتانەی ڕۆژ لە دەرێ با، خەڵکەکە منداڵەکانیان دەناردە سەربان، زۆر جاریش ژنان خۆشیان مەجلیسیان لەبەر هەتاو دادەمەزراند. کۆڵانی عارەبان میللی و هەژارنشین بوو. زۆربەی ئەو عەرەبانەی لە مووسڵ دەهاتن لەو کۆڵانە جێگیر دەبوون. عەرەبەکان لە هەولێر پیشەمەند بوون لە کاری نانەوایی و ئاسنگەری. نانی ئەستوورکیان لە ماڵەوە دەکرد لەسەر سەبەتەیەکی گەورە لە بەردەمی دەرگەکانی قەیسەری دەیانفرۆشت. جگە لەوانەش خەڵکی کەرکووکی تێدا بوو. هەروەها کریستیانیش زۆر بوون لەو گەڕەکە و کەنیسەیەکیشی لێ بوو. هەر لە پشت کۆڵانی عارەبان جوولەکەیەکی زۆر لە تەعجیل و سەربەستی دەژیان و بەوپەڕی ئازادی لەناو بازاڕ کار و کەسابەتیان دەکرد.

لە پشت گەڕەکی مە، گەڕەکێکی نوێ دروست بوو لە شێوەی تەلاری گەورە کە خەڵکە خواپێداوەکانی گرتبووە خۆی، پێمان دەگوت (ناو قەسران)، نێوانیشمان جادەی سوڵتان موزەفەری بوو. بەڵام یەک دوو ماڵی دەوڵەمەند و ناوداری هەولێریش لە پاڵ گەڕەکی مە بوون و تێکەڵ بەیەک دەژیاین وەک ماڵی (شەریف جامباز) و ماڵی (حاجی قەرۆک) و ماڵی (مەلا نووری)ی کوتاڵفرۆش.

ڕەفاقەت و دەرچوون و گەمە و چوونە قوتابخانەمان بەیەکەوە بوو. خێروبێریان بۆ خەڵکە هەژار و نەدارەکەی ئەو گەڕەکە بوو. بەتایبەتیش لە جەژن و بۆنە ئاینییەکان زۆربەی خەڵکی خۆشناوەتی و کرمانج لە قەڵا جێگیر بووبوون لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی ڕەسەنی هەولێرێ. (ناو قەسرانیش) بۆ ئێمەی منداڵانی کۆڵانی عارەبان شوێنی گەڕان و بەسەربردنی کات و گەمە بوو. خۆمان و (دارلاستیقی) گیرفانمان و چەند کەلایەک بەناو ئەو شوێنە وەر دەبووین.. بە دارلاستیق تەیر و تواڵی سەر دارەکانمان دەکردە نیشان.. من لۆ خۆم لەناو برادەرانم بەنیشانگەری ڕاست ناسرا بووم. کە لەسەر لقی دارێک شوێنی هێلانەیەکمان دەستنیشان بکردایە ئەوە زۆر بەئەسپایی بەئیشارەت و فیتە و نازناو یەکترمان بانگ دەکرد. کار و ئەرکیشمان بەڕێکی دابەش کردبوو. من بەو ئیعتیبارەی منداڵەکی ڕەقێتە و سووکەڵە بووم کێشم لە ٣٢ کیلۆ تێپەڕی نەدەکرد لە هەمان کات ڕاوچییەکی چوست و لێزان بووم ئەرکم بە دار و دیواردا هەڵگەڕان بوو.

برادەرێکیشمان خریلەی زرپنی پشت پان بوو، ناومان نابوو (تەکسی)، چونکە هەرچی کاری بارگرانی هەبوو بەومان دەکرد، پێی ناوێ منداڵی کۆڵانی عەرەبان ناو قەسرانیان لە زەواق نابوو، ئێمە ناحەق نەبووین، چونکە ئەو شوێنە لە چاو گەڕەکی عارەبان بەو هەموو دار و درەخت و باخچەی گوڵ و گوڵزاری حەوشەکانیان وەک بەهەشت ڕای دەکێشاین لەلایەکی تر ئەوانیش ناحەق نەبوون چونکە جاروبار جامی پەنجەرەیان دەشکا بە بەردی دارلاستیقی.

بەشێک لە ماڵەکان لە ڕێگەی باغەوان و پاسەوانەکانیان ڕێگرییان لێ دەکردین. جارێکیان لەسەر دیواری ماڵی دوکتۆر مەردان عەلی بە هەمان ستاف پرتەقاڵمان لێ دەکردەوە نەشمانزانی باغەوانەکەیان خۆی لە بۆسە نایە من لەسەر دیوارەکە پرتەقاڵم لێ دەکردەوە و دەمهاویشتە باوەشی حەمۆی. حەمۆ لە غاردان و قۆشمەی یەکەم بوو بۆ کاری وا دشداشەی لەسەر شەرواڵەکەی لەبەر دەکرد ئەو پرتەقاڵانەی دەخستە دشداشەکەی و لچکی دەخستە نێو ددانی وەک مامز ڕای دەکرد. کاتێک من خەریکی لێکردنەوە بووم زەلامێک لەژێر دارەکە قیت بووەوە و بەدەنگێکی ترسناک هاواری کرد وەرە خوارێ هەی حەرامزادە، لەگەڵ هاوارەکەی دارەکەشی هەژاند من بێ یەک و دوو لەسەر شوورەکەی خۆم هەڵدا خوارێ دوو پێم کردە چوار و تێم تەقاند، تا ئەو لە دەرگەی حەوشە بۆم هاتە دەر من دوور کەوتبوومەوە، بەڵام گێم لێ بوو هاواری دەکرد باشە باش کوڕی مەلای وەڵاهی بە بابت دەڵێم تەمبێت بکا، مەبەستی لە خالیدی برادەرمان بوو کە باوکی لای دوکتۆر مەردان خزمەتگوزار بوو، ئەو ڕۆژە کە گەڕامەوە پرتەقاڵمان لێ بوو بە ڕەشاو.

گومان لەوەدا نییە کە هەر قۆناغێکی تەمەن بە جۆرێک لە کردار و ڕەفتاری جیاواز دەردەکەوێ، بۆ من وەک منداڵێکی پڕ جووڵە و بزێو، بەدعەمەل و کەتنکەر، باوکم ناحەق نەبوو بڕیار بدات ڕۆژانی هەینی و پشووەکان بچمە دوکانەکەی، لەلاییێک بۆ ئەوەی لە هەڵسوکەوتم ئاگەدار بێت لەلاییێکیش هیچ نەبێ لە جیاتیی شاگرد، هاوکاریی بکەم و وردە وردەش فێری سەرتاشین بم.

ئەگەرچی لای باوکم خوێندن بژاردەی یەکەم بوو، بەتایبەتیش کە من گەیشتبوومە پۆلی شەش تاقیکردنەوەی بەکەلۆریم لە پێش بوو. لە پاڵ ئەوەش بەردەوام ئەو ڕستەیان بۆ دەهێنامەوە کە "تۆ بوویتە پیاو منداڵ نەمای لە ماڵەوە لەناو ژنان دانیشی" ڕاستییەکەش من لەو تەمەنە هەر زۆر حەزم لە مەجلیسی ژنان بوو، چونکە کۆڕبەندی ژنان لەبەر دەرگەی ماڵەکانیان خاڵی نەبوو لەو کچانەش کە تازە پێدەگەیشتن. نەریتی ئەو کاتی پەروەردەی منداڵان ئاوا بوو، دەبوا نێرینە کە دەگەیشتە تەمەنی دوازدە ساڵی بە پیاو حیساب دەکرا و بەگەر باوکی دەکەوت. لە سەرووی دە ساڵیشەوە بۆی نەبوو لەگەڵ خوشک و دایکی بچێتە حەمامی ژنان. ئەوە یاسای فاتمی دایکی ڕەحمەتی جەلال بەیاری هونەرمەند بوو.

فاتم تەنها سەرشۆر نەبوو، بگرە ڕۆڵی سکیوریتیشی دەبینی، جاری وا هەبوو منداڵ لە ژوورێش هەستی پێ کرابا، بە ڕووتی دەیانکردە باوەش و جلیان لەبەر دەکرد و بەدەریان دەنا، خۆ کچی بەستەزمان بە شەش مانگیش بۆی نەبوو بگاتە حەمامی پیاوان، ئەگەر بەهەڵە شتێکی وا ڕووی دابا ئەوا کابرا لەناو حەمام تێر تف و لەعنەت دەکرا، ئەوەیان یاسای باوکسالاریی ئەو کاتی حەمامی پیاوان و ژنان بوو.

کچ لەو سەردەمە کە دەگەیشتە شەش حەفت ساڵ، دایکی بەردەستیی خۆی پێ دەکرد، لە دانیشتنی ناو ماڵ و بەردەرگاش ڕێک لە ناوەڕاست و سەیری جووڵەی زاری گەورەکانی دەکرد، ئەوەیان لە مێشک چەسپا بوو کە کچان پێویستە لە دایک و خوشکانی فێر بن چۆن ماڵ بەڕێوە دەبەن. لە گەسک لێدانەوە بگرە تا دەگاتە جل شووشتن و چێشت لێنان. هەر کە دەگەیشتە تەمەنی حەفت هەشت ساڵی لە قسەکردن و ڕەفتار وەک سەرەژنێک دەهاتە بەرچاو. گەمە و یاریی کچان لەگەڵ کوڕان عەیبە بوو، کوڕانیش ئەگەر بچوونایە نێو گەمەی کچان بە ژنانی ناو دەبران. ●



# بێرییە

## سینەما حەمرا ئاو دەیبرد

پشتیوان عەبدوڵڵا

جاران چوونە سینەما لە کاتی پێشاندانی فیلمی خۆش، وا ئاسان نەبوو.

مەبەست لە فیلمی خۆش ئەوانە بوون کە ڕەواجی بینینیان زۆر بوو، وەک فیلمی هیندی، ژاپۆنی، چینی و کاراتی، فیلمی شەڕ و فیلمی ڕووت.

بۆ بینینی ئەو فیلمانە، دەبوایە خۆت بەهیلاک دەیت. چونکە پلیتی چوونە ژوورەوە بەئاسانی وەدەست نەدەکەوت. حەشامەتێک لە بەردەم پەنجەرەی پلیتبڕین دروست دەبوو، نە سەری دیار بوو نە بن.

زۆر جار هەزار شەق و پێلەقەت بەردەکەوت و قۆپچەی کراسەکانت لێ دەبووەوە، هەندێ جار بۆ دووسێ پلیت قۆڵ و سینگی کراسیشت دەدڕا.

جارێ لە فیلمی ڕووت هەر شتی وا نەبوو، لە ساڵانی شەڕی عێراق و ئێراندا، عەسکەرەکانی سوپای عێراق ئامادە بوون خۆیان بەکوشت بدەن، تەنیا پلیتیان دەست کەوێ، دەتگوت دەچنە سەنگەری بەرگریی خاکی نیشتمانیان، چونکە لە کۆتاییدا ئەوانەی پلیتیان دەست دەکەوت، دەبوونە قارەمانی ئەو ڕۆژە.

ئەو سەردەمە لەبەر قەرەباڵغی و سەختی وەدەستکەوتنی پلیتی چوونە سینەما، بازاڕی ڕەش پەیدا بوو، پلیت بە پەنجا فلس یان سەد فلس و گرانتریش لە نرخی خۆی هەر لەبەردەم سینەما حەمرا و سینەما سەلاحەدین دەفرۆشران.

پارەدارەکان بۆ ئەوەی سەختی نەکێشن و هیلاک نەبن، بەئاسانی پلیتیان لە بازاڕی ڕەش دەکڕی و بە جلی پۆشتەوە دەچوونە ژوورێ، بەڵام عەسکەری سەدام بە هیلاک دەچوون تا دەگەیشتنە پەنجەرەی پلیت بڕین.

منیش جار جارە پلیتم لە بازاڕی ڕەش دەفرۆشت، کاتێک دەمزانی فیلمێکی خۆش ئیش دەکا و دەبێتە هەرا لەسەری، پێشوەختە بە حوکمی پەیوەندیی باشم لەگەڵ خاوەن سینەما و کارمەندانی، دەچووم دەستەیەک پلیتم لێیان دەکڕی کە سەد دانە بوو، ڕۆژ هەبوو بە دانێک هەموویم بە نرخێکی گرانتر لە بازاڕی ڕەش دەفرۆشتەوە، بەشێوەیەک خەرجیی هەفتەیەکی بینینی فیلمم لە سینەما و خواردنی دوو ژەمەی گەس و عەنبە نایابەکەی بەردەم سینەما و بیبسی کۆلای شووشەی ئەوسام لە کۆڵ دەبووەوە.

ئەو حاڵەتە حەفتانە بۆم ڕێک دەکەوت، چونکە سینەماکان حەفتانە فیلمی خۆش و پڕ ڕەواجیان پیشان دەدا. لە بازاڕی ڕەشدا، پلیتم زۆر فرۆشت، بەڵام هەرگیز نەمدی عەسکەرێک پلیتم لێ بکڕێت.

کاتێکیش عەسکەرەکان دەچوونە ژوورەوە، بەتایبەت لە فیلمە ڕووتەکان، تێکەڵ بە ئەجوای فیلمەکە دەبوون و لە کاتی دیمەنە سێکسییەکان، بێرییەی سەریان کە سیمبۆلی سەروەریی خاکی وڵاتەکەیان بوو، دەخستە سەر ئەندامی نێرینەیان و لە ژێر بێرییەکانیانەوە خەریک دەبوون، لەو ساتانەدا سەروەریی خاک و بێرییەکانیان لەگەڵ جووڵەی دەستیان هەڵبەز و دابەزی دەکرد. ئیتر عەسکەری سوپای عێراق بەم شێوەیە هیلاکی و سەختیی پلیت وەدەستکەوتنەکەیان لە بیر دەچووەوە، لەو سەریشەوە حەشامەتی نێو هۆڵی سینەما گاڵتەیان بەو عەسکەرانە دەکرد و یەک بەدەنگی خۆیان هاواریان دەکرد (سینەما ئاو بردی ئاو...). ●



وێنە: زیرەکی دەستکرد

گوڵبژێنە



ئیسماعیل بەرزنجی

## خەونی جڕنا و فڕنا

لە بانکی (پەیمان)ـەوە، تەلەفۆنیان بۆ کردم و گوتیان مامۆستا، خۆت و مەدامت، سبەینێ سەعات ١٠ لە بانک ئامادە بن بۆ وەرگرتنی مووچە پاشەکەوتکراوەکانتان، تکایە جانتای گەورە لەگەڵ خۆتان بێنن

لەگەڵ هەلهەلەی خانم، خەریک بوو گوێی چەپەشم کەڕ بێت، جانتای بووکێنیی دەرهێنا و دەستی بە تەلەفۆن کرد، ئاگای لەوە نەبوو گۆشتی لەسەر ئاگرە، گۆشت سووتا و بووە قەرەبرووت، جارجار گۆرانییەکانی فائیزە ئەحمەدی دەگوتەوە، بە تێچاوێک سەیری کردم و گوتی (ئەوجە خۆ خەناوکەکەم حەڵاڵ کرد) گوتم (ئێ تۆ لە من زیاتر وەردەگریت)، گوتی (جا ئەوە هەدیەی مێردە، جودایە).

قەڵەم و وەرەقەی دەرهێنا، دەستی کرد بە نووسینی ناوی ئەو کەلوپەلانەی کە حەزی لێیەتی، بینیم تاخمێکی دانیشتنی نووسیوە، گوتم (چوار مانگ نابێت، ئەو تاخمەت بە هەزار دۆلار پێ کڕیم) گوتی (پیرەمێرد، مۆدێلی نەماوە) لەسەری سەرەوە نووسیبووی ١٥ وەرەقە بۆ عومرە، گوتم (هەمووی سێ مانگ نابێت، لە عومرە گەڕایتەوە)، ناوی کچی کچی پووریشی لەبیر نەکردبوو.

گوتم (خانم، بەگوێرەی ئەو لیستەی تۆ بێت، قەرداریش دەبینەوە) گوتی (جا خۆ من هەمووی نادەم، نیوەی عایدی تۆیە).

هەر سەیری سەعاتی دەکرد و پەلەی ئەوە بوو زوو سپێدە دابێت، گوتم (من پەیوەندیم بە پارەی عومرەی تۆوە نییە، ئەوە شتێکی شەخسییە) گوتی (جا هەر ئەوە مابوو) خەریک بوو دەنگمان لە یەکتر بەرز دەکردەوە، ویستم بچم لیستەکە بدڕێنم، لەگەڵ سەڵای مەلا و دەنگی شامینۆکفرۆش و تەقەتەقی ناندین بەخەبەر هاتم، بینیم وا خانم ناوسێریی سوور دەکاتەوە و سەیری کەناڵێکی سعوودی دەکات، خەونەکەم بۆ نەگێڕایەوە، چونکە سەد بارەی دەکردەوە کە هەر دەبێت خەناوکەکەم بۆ بکڕیت، بیرم لەوە دەکردەوە، مەحاڵە کەسمان بە زیندیی چاوان، وەرگرتنی پاشەکەوت ببینین، نازانم نەوەی نەوەشمان ئەوەیان لە بیر دەمێنێت یا نا؟ ●

# سوڵتانی عوسمانی و نەورۆزی هەولێر

ئەحمەد موعاز

بەپێی بەڵگەنامەیەکی ئەرشیڤیی دەوڵەتی عوسمانی، سوڵتانی ئەو کاتی عوسمانییەکان ڕۆژی ٨/١٢/١٧٣٢ مەرسومێکی تایبەت بە جەژنی نەورۆز دەرکردووە و باسی نەورۆزی هەولێریش دەکات.

مەرسومەکە کە بەناونیشانی (نەورۆز پیرۆز) دەرکراوە، بۆ فەرماندەکانی سوپا و دادوەر و بەرپرسانی باڵای دەوڵەتی عوسمانی نێردراوە و تێیدا داوا دەکات ئامادەکاری بکەن بۆ پاراستن و دابینکردنی کەشێکی لەبار و ئارام بۆ جەژنی نەورۆز لە شارەکانی هەولێر، ئامەد، روحا، ئورفە، عەنتاب، کەرکووک، مووسڵ، مەلاتیە و خەربوت.

داواکەی سوڵتانی عوسمانی ئەو شار و ناوچانەشی گرتووەتەوە کە کوردستان نین بەڵام جەژنی نەورۆزیان تێدا ساز کراوە وەک قۆنیا، قەیسەری و ئەدەرنە لە تورکیای ئێستە، حەلەب و ڕەققە لە سووریا و بەغدا لە عێراق.

ئەو مەرسومە لەلایەن سوڵتان مەحموودی یەکەم کوڕی مستەفای دووەم دەرکراوە. سوڵتان مەحموودی یەکەم لە ساڵی ١٦٩٦ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٧٥٤ کۆچی دوایی کردووە، لە ساڵی ١٧٣٠ لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا بووەتە سوڵتانی عوسمانی و خەلیفەی موسوڵمانان تا ڕۆژی کۆچی دواییەکەی لەسەر تەختی شاهانەیی بووە.

بە وردبوونەوە لە مەرسومەکە، چەند خاڵێکی گرینگ دەردەکەون، کە بریتین لە:

- هەولێر یەکێک بووە لە شارە گەورە و کاریگەرەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.
- دەوڵەتی عوسمانی ڕێگەی بەیادکردنەوەی جەژنی نەورۆز داوە و خودی سوڵتان مەرسومی بۆ دەرکردووە.
- نووسراوەکە زیاتر لە سێ مانگ پێش جەژنی نەورۆز دەرکراوە، کە هێمایە بۆ گرنگیپێدان بە نەورۆز بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو کات هاتوچۆ و پەیوەندییەکان زەحمەت بوون و سێ مانگ زووتر داوای ئامادەکاری بۆ پاراستنی جەژنی نەورۆز کراوە ●



وێنە: زیرەکی دەستکرد

شوقی زەردەپەڕ



عەبدولڕەحمان فەرهادی

## ناوبانگی

لەم ڕۆژانەی دوایی، بیروڕایەکی ئەحلام موستەغانمی لەبارەی (ناوبانگی لای بەهرەمەندانی بوارەکانی کولتوور) سەرنجی ڕاکێشام، چونکە جوان و ڕەخنەئامێزانە لەم چەمکە ڕاماوە و پێی وایە ناوبانگی بۆ نووسەر یان هونەرمەند یان هەر بەهرەمەندێک، شمشێرێکی دوو دەمە، دەمێکی ئەم شمشێرە، بوارێک دەڕەخسێنێت تا زوو بکەونە ناو جەماوەرێکی بێ شومار، دەمەکەی تری ئەو شمشێرە، وا دەکات ئەو ناوبانگییە ببێتە کۆتێک و ژیانی پڕ بکات لە گوشاری جۆراوجۆر و پابەند بوون بە هەندێ شت کە ویستی وی نین، ئەمەیش وا دەکات بێبەش بێ لە تایبەتمەندییە کەسێتییەکانی خۆی و بەردەوام بکەوێتە ژێر بلەوری نۆڕینکاریی خەڵک و ئەو ئازادییەی کە هەموودەم دەیەوێ، لەوەیە بکەوێتە مەترسییەوە. موستەغانمی پێی وایە ناوبانگی ئامانج نییە، بەڵکە ئەنجامێکی سروشتیی بەهرە و جیاواز بوون و داهێنانە، بەڵام نابێ ببێتە ئامانج و ئاواتی بەهرەمەندان.. من پێم وایە ئەگەر ناوبانگی، بارگرانی و تەوق و ڕێگری ئازادی بێت، ئەوەیش هەیە کە ناوبانگی وا دەکات بەهرەمەندان بەردەوام لە نێو کۆمەڵگەدا کەسایەتیی ڕێز لێ گیراو بن و خواستەکانیان خێرا بێنە دی و بەرانبەر کاروباری جۆراوجۆری ژیان، کەم کێشە بن، بۆیە پێویستە کەسانی بەناوبانگ، لۆژیکمەندانە مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوبانگییەیان بکەن. هەندێک داهێنەری بوارەکانی ئەدەب و هونەر، بەلایانەوە ئەمە کێشەی زیاترە لە چێژ! بەڵام بەبۆچوونی خۆم، چێژی ناوبانگی لە کێشەکانی تر زیاترە. سوعاد حوسنی لەبارەی خۆیەوە بۆ پزیشکە تایبەتەکەی خۆی دەڵێ: (سی ساڵان کارم کردووە و هەشتا فیلمم بەرهەم هێناوە، هەموو تەمەنم بە دڵسۆزی بۆ هونەرەکەم بردە سەر، هەرکە ناوبانگیم و سەرسامیی جەماوەرەکەم بەرانبەر بە فیلمەکانم دەبینم، لە هەموو شەکەتییەک دەحەسێمەوە. لە ڕاستیدا من حەز دەکەم بەرهەمەکانم بە باشترین شێوە نمایش بکەم، بۆیە هەردەم لە دڵەڕاوکێدام، ئەم دڵەڕاوکێیە بەردەوامەم خەوشێکە لە مندایە).. چەمکی ناوبانگی لای ڕامیارمەندان جیاوازە لەوەی باسمان کرد، لەوێ ئەم چەمکە لەوەیە کێشە و چێژی سەنگەلاتر بێت!. کێشەی ئەوان سەردەنێتە لای نەمانی پارێزگاری لە تایبەتمەندی، ناخماندوویی و تۆقین لە ونبوونی گەلویستی (شەعبییەت)، نیگەرانیی بەردەوام لە ڕووداو و بڕیاردان، پڕوپاگەندە و شیمانەی شێواندنی ناوداری، گوشاری کۆمەڵگە، باری ئابووری، بەرپرسیارێتیی زۆر، چۆنێتیی کارگێڕیی کاروباران، نەتوانینی پراکتیزەکاریی تایبەتمەندیی کەس و زۆرجار گۆشەگیری و خۆحەشاردان لە کۆمەڵگە، ترس لە ڕاگەیاندنکاران و ڕەخنە و هێرشی ڕقامێزانە و نەمان و مەترسیی سەر ژیان، بۆیە دەبێ بەرپرس و ڕامیارمەندان هاوسەنگییەک لە نێوان بەرپرسیاری و ژیانی خۆیان بجێگیرێنن و کارێک نەکەن بەرژەوەندیی خۆیان باڵاتر لە بەرژەوەندیی خەڵک ڕاگرن. بەگشتی کێشە و چێژی ناوبانگی لای ڕامیارمەندان لە هیی بەهرەمەندان جیاوازە، چێژ و خۆشیی ناوبانگی بۆ ڕامیارمەندان زۆرجار بریتییە لە بوونی هێز و لایەنداریی زۆری خەڵک و بوار بۆ چوونە ناو مێژووی ڕامیاری و کاریگەریی سەر کۆمەڵگە و خواپێدان و شانازیکردن بەو کارانەی کە دەبنە هۆی دەسکەوتی گەورە و خۆشگوزەرانیی میللەت و شتی تر. ●

# سنی سنیانێ بێ حەسکۆ تامی جارانی نەماوە

**دوین ئاریان**

هەموو جارێ لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانێوە برادەرەکانی دەهاتنە کنی لۆ وەی بەرنامەکی لۆ گەمەی سنی سنیانێ دانێ، بەس لەوەتی ئەو نەمایە، نە گەمەکە تامی جارانی مایە و نە لاعیب و جمهوری گەمەکەش وەکی جاران بەجۆش و خرۆشەوە ڕووی تێ دەکەن. سەرتیپی کوڕی هونەرمەندی کۆچکردوو مام حەسکۆ ئەوها باسی ڕۆڵی باوکی لە شەوانی مانگی ڕەمەزانی هەولێرێ دەکات.

مام حەسکۆ (عوسمان ڕەحمان) لەدایکبووی ١٩٥٦ی گەڕەکی تەیراوە، تەواوی ژیانی بۆ هونەرەکەی تەرخان کردبوو، لە ١٩٧٣ەوە دەستی بەکاری هونەری کرد و سەردەمانێکیش پێشمەرگە بوو، دواتر لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دووبارە گەڕاوەتەوە ناو کاری هونەری و بەرهەمەکانی تاپۆ حەقی چییە، ڕەشیدە فەندی و گەڕەکەکەمانی پێشکێش کرد، بەشداریشی لە چەند شانۆگەرییەک کردووە، لەوانە شانۆگەریی گومرگ.

لە نەوەتەکانیشدا مام حەسکۆ لەگەڵ هەریەکە لە مام سمایل و حەمکۆ و پەروین شازادە و چەند هونەرمەندێکی دیکە گرووپێکی هونەرییان پێک هێنا و چەند بەرنامەیەکیان لە کەناڵە ناوەخۆییەکان تۆمار کرد کە یەکێک لەوانە بەرنامەی گەشتی کامێرا بوو، کە بینەرێکی بەرچاویان هەبوو، دوای ئەوەش لە دوای ٢٠٠٠ەوە بەشداریی لە چەند فیلمێکی سکرین کرد.


دیمەنێکی جارانی یاری سنی سنیانێ، بەئامادەبوونی هونەرمەند حەسکۆ

کوڕەکەی مام حەسکۆ بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە کە تەیراوە و حەسکۆ دووانەیەکی لێکدانەبڕاو بوون. بەتایبەتی لە مانگی ڕەمەزاندا باوکی لە هەر چایخانەیەکی ئەو گەڕەکە بووایە، کەیف و شادی ڕووی لەوێ دەکرد.

دەشڵێ لە ڕابردوو و ئێستاش هەرکە باسی سنی سنیانێ دەکرێت ناوی مام حەسکۆ دێتەوە مەیدان، خەڵکی هەولێر مام حەسکۆی باوکیان بە سیمبولی ئەو یارییە دەزانی.

هەر بەم هۆیەشەوە چاوەڕوانییان لە پارێزگاری هەولێر هەیە کە لە داهاتوودا یادێک بۆ ئەو پیاوە ناودارەی هەولێرێ ڕێک بخرێت.

لای خۆیەوە ئازاد دڵپاکی دەرهێنەر کە هاوڕێیەکی نزیکی مام حەسکۆ بوو، باسی کاتی کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە دەکات و دەڵێ بەهەژاری ژیا و بە هەژاریش مرد، نە خەڵک و نە هونەرمەندانیش بەشدارییەکی ئەوتۆیان لە پرسەکەیدا نەکرد.

لە کاتێکدا ئەو ژیانی بۆ هونەرەکەی تەرخان کردبوو، بۆ ئەوەی مێژوویەک بۆ خۆی و شارەکەی دروست بکات

هونەرمەند مام حەسکۆ لە ساڵی ٢٠١٠ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد، لە گۆڕستانی گردە ڕەشە نێژرا. ●

# سەگە بریندارەکەی هەولێر چۆن گەیشتە ئەڵمانیا


وێنەیەکی مایلۆ لە ئەڵمانیا

**عەبدولڕەحمان نەقشبەندی**

ئێوارەک لە دەرگەی ماڵ دەهاتمە دەرێ، تووتکە سەگێک بە جەستەی خوێناوییەوە پەنای بۆ هێنام، دەتگوت داوای یارمەتیم لێ دەکات، هەموو گیانی دەلەرزی، دیار بوو لە دەست سەگێکی گەورە ڕای کردبوو، ئەو کاتەی سەگە گەورەکە منی بینی، وازی لە تووتکە هێنا.

لەگەڵ خێزانەکەم ناچار تووتکە سەگەکەمان بردە نۆڕینگەیەکی تایبەت بە ئاژەڵان، لە ڕێگەدا وام هەست دەکرد منداڵێکی بریندارم پێیە و دەیگەیەنمە نەخۆشخانە. ئیدی دوای چاکبوونەوەی، تووتکە سەگ ماڵی ئێمەی بەجێ نەهێشت، بەناچاری لە حەوشە شوێنێکمان بۆ دیاری کرد و نزیکەی ساڵێک وەک میوانێکی خۆشەویست لەگەڵمان دەژیا.

تا ڕۆژێک کیژێکی خزممان کە لە ئەڵمانیا دەیخوێند، سەردانی کردین و دوای بینینی، سەرسام بوو بەئارامی و جوانیی سەگەکە، داوای کرد بیدەینێ تا لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ ئەڵمانیا، ڕۆیشت و دوای نزیکەی دوو مانگ بە مۆڵەت و بەڵگەنامەی فەرمییەوە گەڕایەوە هەولێر و ناوی لە سەگەکە نا مایلۆ و لەگەڵ خۆی بردی بۆ ئەڵمانیا.

لەو کاتەی لە فڕۆکەخانەی هەولێر بووین بۆ بەڕێکردنی کیژەکە و مایلۆ، یەکێک لە ئەندامانی دەستەی فڕۆکەوانیی ئەو فڕۆکەیەی بڕیار بوو مایلۆ گەشتی پێ بکات، پلیتی کیژەکەی لە ئاساییەوە بۆ ڤی ئای پی گۆڕی و پێی گوت ئەوە دیارییە، چونکە سەگێکی بە ڕەچەڵەک ڕۆژهەڵاتی دەهێنییە ئەڵمانیا.

وەک ئەو کیژە دەیگێڕێتەوە، ئێستە مایلۆ لە ئەڵمانیا چارەسەر و پێکوتەی باشی پێ دراوە و بردراوەتە خولی تایبەت، بەهۆی جەستە ڕێک و جوانەکەیەوە، بووەتە جێی سەرنجی ئەو ئەڵمانییانەی دەیبینن و بەردەوام وێنەی لەگەڵ دەگرن، لە ڕەچەڵەک و شوێنی لەدایکبوونی دەپرسن، چونکە شێوەکەی نامۆیە بە خەڵکی ئەو وڵاتە، لە هەمان کاتیشدا بە جۆرێک لە سەگی سەرنجڕاکێش و دەگمەنی دەبینن. ●

■ خاوەن ئیمتیاز:
**دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ**

■ سەرنووسەر:
**ڕێبەند سەعدوڵا**

■ دیزاین:
**ئاراس ئەکرەم**

■ لۆگۆ و خۆشنووسی:
**بژار ئەربیلی**

■ دەستەی نووسەران:
**نازم دڵبەند**
**هەژار مەجید**


کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (12), Sunday 16/3/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند




دیمەنێکی نەورۆزی ئاکرێ

وێنە: ناسیح عەلی